# کورد و ئیمپریالیزم

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەزا ئاڵتوون

لە ئینگلیزییەوە: دەشتی مەحموود

© ٢٠٢٦

Untitled-1.indd 1 2026-05-19 4:53:38 PM

بۆ دەستڕاگەیشتن بە نوێترین بڵاوکراوەکانمان،
کەناڵی تێلیگرامی «ئازادیی کۆمەڵگە» سکان بکە:

- ماڵپەڕ: https://www.komelge.com/
- فەیسبووک: azadikomalga

Untitled-1.indd 2 2026-05-19 4:53:38 PM

ئەم نامیلکەیە وەک پاشکۆی ژمارە (٥٢)ی
گۆڤاری «ئازادیی کۆمەڵگە» بۆ وەرزی بەهاری
ساڵی [٢٠٢٦] بڵاوکراوەتەوە.

- ناونیشان: کورد و ئیمپریالیزم
- بابەت: چاوپێکەوتن
- سازدان: بەرفین باگدوو (Berfîn Bağdu)
- وەرگێڕان: دەشتی مەحموود
- سەرچاوەی بنەڕەتی: ئاژانسی هەواڵی فوڕات (ANF)
- دیزاین: گۆران پێنجوێنی
- وەرز و ساڵ: بەهار **٢٠٢٦**
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- شوێنی چاپ: سلێمانی
- چاپخانە: چاپخانەی کارۆ

لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی **٢٠٢٦**ی پێدراوە.

- مافی وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بۆ گۆڤاری «ئازادیی کۆمەڵگە» پارێزراوە.

- ناوەڕۆک گوزارشتە لە دید و بۆچوونی نووسەر.

Untitled-1.indd 3 2026-05-19 4:53:38 PM

DOM OF SOCIETY

Untitled-1.indd 4 2026-05-19 4:53:41 PM

## پێشەکیی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە›

بەرژەوەندیی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی سەد ساڵ پێش ئێستا بۆ پاوانخوازیی درووست کران، ئێستا وا ئێستا دەهەڕۆژێت. لەم گێژاوەدا، گەلانی بندەست و بە تایبەت گەلی کورد، بۆ ڕاپسکان لە ژێردەستەیی و هەڵکشان بۆ ئاستی مرۆڤی ئازاد، پارادایمی نوێی خۆی پێش دەخات. ئەم نامیلکەیە کە ڕوونووسی چاوپێکەوتنێکی مێژوویی شەهید ڕەزا ئاڵتوونە، بەڵگەنامەیەکی هزریی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەم قۆناغە.

ئەو لەم دەقەدا بە زمانێکی تیۆریی و قووڵ، ئەو «وەرچەرخانە هزرییە» شی دەکاتەوە وا بزووتنەوەی ئازادیی کورد لە «سۆسیالیزمی کلاسیک»ـەوە بەرەو «سۆسیالیزمی ئازادیخواز» (مۆدێرنیتەی دیموکراتیی) هەنگاوی ناوە. ئەمە تەنیا تۆمارێکی ڕۆژنامەوانی نییە، بەڵکوو نەخشەڕێگایەکە بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەکرێ پەیوەندیی «تاکتیکیی»ـمان لەگەڵ زلهێزەکان هەبێت بەبێ ئەوەی ئایدۆلۆژیا و ناسنامەی ئازادیخوازانە بکەینە قوربانیی.

ئەم نامیلکەیە کە هاوکاتە لەگەڵ ژمارە ٥٢ـی گۆڤاری «ئازادیی کۆمەڵگە»، بەشێکە لە هەوڵی ئێمە بۆ قووڵبوونەوەی تیۆریی و پێناسەکردنەوەی چەمکەکان لەم سەردەمەی دارمانی دەوڵەت-نەتەوەکاندا. هیواداریین ئەم بەرهەمە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەوانەی بەدوای ڕاستییەکانی سیاسەتی هاوچەرخدا دەگەڕێن و دەیانەوێت تێبگەن چۆن «ئیرادەی ئازاد» دەتوانێت بە سەر مێژووی سەپێنراوی دەوڵەت-نەتەوەکاندا سەرکەوێت.

Untitled-1.indd 6 2026-05-19 4:53:43 PM

## پێڕست


پێشەکی ........................................................................... ٧

**بەشی یەکەم:**

قەیرانی سیستەم و سەرهەڵدانی ئاژاوە ............................ ٩

- سەرهەڵدانی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و ڕێبازی زلهێزەکان بەرانبەر کورد.

**بەشی دووەم:**

کۆبانێ؛ خاڵی وەرچەرخان و پەیوەندییە تاکتیکییەکان.... ١٨

- ستراتیژی داعش و بەرخۆدانی شەنگال.
- پەیوەندیی تاکتیکی لەگەڵ ئەمریکا و ڕەهەندە مێژووییەکانی.

**بەشی سێیەم:**

ڕەخنە لە سۆسیالیزمی کلاسیک و پارادایمی نوێ ........... ٢٨

- گۆڕانی پارادایم و دەستبەردارنەبوون لە سۆسیالیزم.
- مانای نوێی چەمکەکان: دیموکراسیی، ئیکۆلۆژیی و ئازادیی ژن.

**بەشی چوارەم:**

نەتەوەی دیموکرات و ئاسۆی داهاتوو .............................. ٣٨

- نەتەوەی دیموکرات بەرانبەر دەوڵەت-نەتەوە.
- پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (پەکەکە، کەجەکە، ڕۆژئاڤا).




Untitled-1.indd 7 2026-05-19 4:53:44 PM

Untitled-1.indd 8 2026-05-19 4:53:44 PM

# بەشی یەکەم:

## قەیرانی سیستەم و ئیمپریالیزم

» سەرهەڵدانی قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

» پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و ڕێبازی زلهێزەکان بەرانبەر کورد.

Untitled-1.indd 10 2026-05-19 4:53:44 PM

ئەمە ڕوونووسی چاوپێکەوتنێکی دوو بەشیی کەمێک دەستکارییکراوە و ساڵی ٢٠١٧ بەرفین باگدووی پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی فورات لەگەڵ ڕەزا ئاڵتوون ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) سەبارەت بە ئیمپریالیزم و سەرمایەداریی و دەرخستەکانیان لە قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سازی داوە. لەم چاوپێکەوتنە پەروەردەکارییەدا، ئاڵتوون، ڕێبازی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ ڕیاڵ سۆسیالیزم و سۆسیالیزم و پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیمپریالیزم و گۆڕانی پارادایمی بزووتنەوەکە ڕوون دەکاتەوە، چاوپێکەوتنەکە نزیک بە نۆ ساڵ پێش ئێستا ساز دراوە، بەڵام بۆ گێژاوی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شاڵاوی زلهێزە ئیمپریالیست و کۆلۆنیاڵیستەکان و دەرگیربوونیان بە دەوڵەت-نەتەوەکانی سەد ساڵەی سەدەی بیست، گرنگ و هێژای لێڕامانە.



Untitled-1.indd 11 2026-05-19 4:53:44 PM

**بەرفین:** لە سەرانسەری جیهان، بە تایبەت لە ئەورووپا و ئەمریکای لاتین، بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان و خەڵک، بە خواستێکی زۆرەوە دەڕواننە بەرەوپێشچوونەکانی پەکەکە و ڕۆژئاڤا. بەڵام، زۆربەی ئەوانەی لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکەن، دوای کۆبانێ، ناتوانین مانایەک بە پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا و بزووتنەوە کوردییەکە، کە ناسنامەیەکی سۆسیالیستیی و دژەئیمپریالیستیی هەیە، بدەن و لێی تێبگەن. لە ڕوانگەی تۆوە، ئایا ئەمە پێکدژیی نییە؟ یاخود، ئەمە تەنیا پەیوەندییەکی کاتییە و بەهۆی گەمارۆدانی سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیی و گۆشەگیریی کوردەوە ئاوا بووە؟ شرۆڤەی ئێوە بۆ ئەم دڕدۆنگییە چییە؟

**ئاڵتوون:** بۆ ئەوەی لە دۆخی سیاسیی هەنووکە تێبگەین، سەرەتا، پێویستە بزانین، ئەم دۆخە چۆن سەری هەڵداوە. پێشهاتەکانی ئەم دواییە، دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییە سیاسییانە نین وا لەسەر بنەمای پەیوەندییە ستراتیژیی و تاکتیکییە پلان بۆ داڕێژراوەکان دامەزراون. بەڵکوو پێویستە لە ڕوانگەی دەرئەنجامە سیاسیی و تاکتیکییەکانی بارودۆخی سیاسەتی تایبەت و خەبات و بەرخۆدانی چالاکانەی گەلەوە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیان بۆ بکرێت.

کاتێک دوایین قەیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەر هەڵدەدات، پێشتر، پەکەکە مێژوویەکی ٤٠ ساڵەی پڕ خەباتی هەبووە. لە بنەڕەتدا، ئەم خەباتە دژی سیستەمی



Untitled-1.indd 12 2026-05-19 4:53:44 PM

ئیمپریالیستیی- سەرمایەداریی بوو کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە نوێنەرایەتیی دەکرا، جا ئەم دەوڵەتانەش بە ناوی سیستەمی سەرمایەداریی و ئیمپریالیستییەوە دەستیان بەسەر چوار پارچەی کوردستاندا گرتووە. بە درێژایی ئەم چل ساڵە، ئەم دەوڵەتانە پشتیوانیی زلهێزە ئیمپریالیست و داگیرکارە سەرمایەدارەکانیان کردووە و هەموو هەوڵێکیان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئازادیی داوە.

پیلانگێڕی نێودەوڵەتیی دژ بە ڕێبەرەکەمان (عەبدوڵڵا ئۆجالان) ئاکامی هەوڵەکانی ئەو زلهێزانە بوو، ئەمەش ڕێبازێکی ڕێکخستەیی بوو بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی بزووتنەوەکەمان. لە سەرەتای قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێبازی زلهێزەکان ئەوە بوو کە بزووتنەوەکەمان پەراوێز بخەن و سەرکوت بکەن و دواجار بە یەکجاریی لە ناوی ببەن. ئەم ڕێبازەش، لەسەر بنەمای پەیوەندیی و هاوپەیمانیی زلهێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان بوو. بە سەیرکردنی دۆخی سووریا، ئەم بەرنامەڕێژییەی زلهێزەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێت. کاتێک سووریا کەوتە نێو ئاژاوەوە، چەندین بەرە لە ژێر ناوی ئۆپۆزسیۆنی سووریا پەیوەندییان لەگەڵ ئیمپریالیزمی نێودەوڵەتیی و زلهێزە داگیرکەرە ناوچەییەکاندا پەرە پێ دا. ئینجا، تەنیا بەرەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوو کە بۆ بەرگریی لە خۆیان، بەبێ هیچ پەیوەندیی و پشتیوانییەکی هێزی هیچ دەوڵەتێک، مەشخەڵی بەرخۆدانیان بەرز کردەوە. هیچ پشتیوانییەکیان لە هیچ دەسەڵاتێکەوە نەبوو.



Untitled-1.indd 13 2026-05-19 4:53:44 PM

کاتێک هەندێک هێزی وەک تورکیا و سعوودییە قەیرانی سووریایان قووڵتر کردەوە و لە ڕێگەی بریکارەکانیانەوە کوردیان بە ئامانج گرت، گەلەکەمان بەگوێرەی بیرۆکەکانی ڕێبەرمان ئاپۆ، عەبدوڵلا ئۆجالان، دەستی بە خۆڕاگریی و بەرخۆدان کرد. ڕژێمی سووریا و بە ناو ئۆپۆزسیۆنی سووریا ئەوەی لە دەستیان دابوو، هەموو هەوڵێکیان دا تا ئەم بەرخۆدانەی گەلی کورد سەرکوت بکەن. لە ئاکامی ئەم بە ئامانجگرتنە، وەڵامی هەڵمەت و پەلامارەکانی ڕێکخراوەکانی وەک داعش، نوسرە، ئەحرار شام و هتد...ـی دایەوە کە بە پشتیوانی ڕژێمی ئەسەد هێرشیان دەکردە سەر ناوچە کوردنشینەکان، کوردان کەوتنە بەرخۆدانی چڕ و بەهێز. ئەمە چەردە پێشینەیەك بوو لەمەڕ دەستپێکی سەرهەڵدانی قەیرانی هەنووکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کاتێک ئەم جەنگە و بەرخۆدانی کوردان دەستی پێ کرد، تورکیا، ئێران، سووریا و هێزەکانی تری هاوشێوەی ئەم دەوڵەتانە، پاڵپشتیی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە سەلەفیی و توندڕەوانەیان دەکرد وا هێرشیان دەکردە سەر کورد لە سووریا. هێزەکانی دیکەش، بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل، پشتیوانییان لەو ڕێکخراوانە دەکرد. ئەم هێزانە، خەریکی پەرەپێدانی پرۆژەی خۆیان بوون و ئەو ڕێکخراوانەیان ناچار دەکرد بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان بجووڵێنەوە. بە پشتیوانیی ئەم دەوڵەتانە، ڕێکخراوە سەلەفییەکان هێرشیان کردە سەر کورد و ئەم پشتیوانی و هاریکارییەی نێوان دەوڵەتان

و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان تا بەرخۆدانی کۆبانێ بەردەوام بوو. کۆبانێ خاڵی وەرچەرخان بوو. تا بەرخۆدانی کۆبانێ، تاکە یەک هێزێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییش پشتیوانیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە سووریا نەدەکرد. هیچ هێزێک نەبوو تەنانەت پەیوەندییەکی تاکتیکییش لەگەڵ کورد پەرە پێ بدات. بەکۆمەڵ دەوڵەت و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان هەموو هەوڵێکیان دا تا بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەناو ببەن. ئێران لەگەڵ ڕژێمی سووریا هاریکار بوون و پێکڕا هەوڵیان دا بەرخۆدانی کورد تێک بشکێنن. لەلایەکی دیکەوە، ئەمریکا و ئیسرائیل بە پشتیوانیی ڕێکخراوە سەلەفییەکان و بە سیاسەتی جۆراوجۆر لە ڕێی تورکیا و سعوودییەوە هەوڵیان دا بەرخۆدانی کورد سەرکوت بکەن. بەمشێوەیە، کۆبانێ خاڵی وەرچەرخانی خەباتی کورد بوو.

ئەو هێزانەی دەیانخواست لە ڕێگەی داعشەوە دەست بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرن، سیاسەتێکی وردی مەبەستدار و بێوچانیان پەیڕەو دەکرد. ئەوان، هەمان ستراتیژی جەنگیزخان یان تامرلان (تەیمووری لەنگ)یان پەیڕەو کرد، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ داگیرکردنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەیەکی کورتدا: توندوتیژیی و دڕندەیی بێسنوور. کاتێک داعش لەبەردەم کامێراکاندا سەری خەڵکی دەبڕی و دڕندەییەکانی خۆیان بڵاو دەکردەوە، ئەمەیان لە بەربەرییەتی سەرەتاییەوە نەبوو. بەڵکوو ئەم کارە دڕندانەیان دەرئەنجامی ستراتیژەکەیان بوو، بەرنامەڕێژییەک بۆ درووستکردنی کەشی

دڵەڕاوکێی و ترس، بۆ ئەوەی خەڵک خۆیان بە دەستەوە بدەن. لەدوای یەکەم کۆمەڵکوژییەکان، ئەو ترسەی داعش بڵاوی دەکردەوە، پێش خودی داعش دەگەیشت، بە جۆرێک بەبێ هیچ بەرەنگارییەک شارو شارۆچکەکانیان ڕادەست دەکرا. یەکەمین بەرخۆدان لە دژی داعش لە شەنگال ڕووی دا. گەریلاکانی پەکەکە و شەڕڤانانی یەپەگە-یەپەژە لە ڕۆژاڤا، یەکەم و تاکە بەرخۆدانیان دژی داعش دەست پێ کرد کاتێک چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر ئێزدییەکانی شەنگال. هەرچەندە هێزێکی سەربازیی گەورەیان هەبوو، بەڵام، وڵاتانی ئەمریکا، ڕووسیا و یەکێتیی ئەورووپا بێباکانە سەیری کۆمەڵکوژییەکەیان دەکرد؛ گەریلاکانی هەپەگە و یەژەئا ستار و پەکەکە لەگەڵ شەڕڤانانی یەپەگە-یەپەژە سەدان هەزار ئێزدیی، مەسیحیی و موسڵمانیان لە کۆمەڵکوژیی ڕزگار کرد.

بەرخۆدانی شەنگال هەناسەی بە جیهان بەخشییەوە و وای لە خەڵک کرد لە دەرەوەی کەشی دڵەڕاوکێ دۆخەکە بخەنە ژێر پرسیارەوە. خەڵک دەیان پرسی: «سەرەڕای هێزە سەربازییە زەبەلاحەکانیان، بۆچی ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا و زلهێزە جیهانیی و ناوچەییەکانی دیکە دژی ئەم دڕندەییەی داعش ناوەستنەوە؟ ئایا لە هەوڵی سوودوەرگرتن لەم بەربەرییەتە؟» بارودۆخە نوێیەکە، ڕەواییێتیی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتە ناوچەییەکانی خستە ژێر پرسیارەوە، لە هەمان کاتدا، شکۆمەندیی و شانازیی بۆ پەکەکە و ڕێبەرمان ئۆجالان لێ کەوتەوە. بەرخۆدان و دژوەستانەوەی بەرانبەر



Untitled-1.indd 16 2026-05-19 4:53:44 PM

داعش، نیشانەی «ڕێکخراوی تیرۆریستیی» کە لەلایەن داگیرکاریی و ئیمپریالیزمی تورکیاوە نووسێندرابوو بە ناوی بزووتنەوەکەمانەوە، دارما. دوای ئەمەش، هیچ هێزێک نەیتوانی بەردەوامیی بداتە پەیوەندییەکانی لەگەڵ داعش یان ڕێکخراوە هاوشێوەکانی. بە تایبەت ئەو وڵاتانەی خۆیان بە «دەوڵەتی دیموکراسیی» پێناسە دەکەن، بۆ درێژەدان بە بوون و مانەوەیان لە ناوچەکەدا، دەبوو بەدوای خواستی نوێدا بگەڕێن.

کەچی، سەرەڕای بەرخۆدانی شەنگال و لێکەوتەکانی، هێزە ناوچەییەکانی وەک تورکیا لە سیاسەتی خۆیان بەرانبەر داعش و ڕێکخراوە سەلەفییەکانی دیکە بەردەوام بوون. دوای شکستی شەنگال، ڕێشمەی داعشیان بەرەو کۆبانێ ڕاکێشا و هەوڵیان دا کەوتنی کۆبانێ بە دەستی داعش مسۆگەر بکەن. ئامانجی ئەم پەلامارەش لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کوردانی ڕۆژاڤا بوو، بەڵام، لە هەمووی گرنگتر دەیانخواست دەستکەوتەکانی بەرەی ئازادیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەناو ببەن. ئەمەش، لەو کاتەدا خزمەتی بە بەرژەوەندیی هەمووان دەکرد. جگە لە تورکیا و سعوودییە، ڕژێم و لایەنگرانی ناڕاستەوخۆی نێودەوڵەتیی چاویان لەوە بوو کە سوود لە کەوتنی بەرەی ئازادیی وەربگرن. داعش، لە ڕێگەی ڕێبازی دژەکوردانەی ئەو هێزانەوە، پەیوەندییەکی تاکتیکیی و ستراتیژیی لەگەڵ ئەم هێزانەوە درووست کرد. بەمشێوەیە، لەژێر ئەم بەرنامەڕێژییە دژەکوردە، هێرشکردنە سەر کۆبانێ دەستی پێ کرد.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بەرخۆدانێکی مەزن لە دژی هێرشی سەر کۆبانێ کرا و ئەم بەرخۆدانەش لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن گەلەوە پێشوازی لێ کرا. هەموو کوردانی باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستیارییەکی زۆریان بەرانبەر بە کۆبانێ نیشان دا. ماوەدرێژیی بەرخۆدانی کۆبانێ، خواستی خەڵکی ناوچەکە و ڕای گشتیی جیهانیی بەرز کردەوە. دوای ١٠٠ ڕۆژ لە بەرخۆدانی بەردەوام، بەرخۆدانی کۆبانێ لە ترۆپکی کارنامەی جیهاندا بوو. دوای ئەوەی کۆبانێ لە کارنامەی جیهاندا بوو، شکستی داعش دابەشبوونی لێ کەوتەوە. لەم خاڵەدا، هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان هەڵوێستە سیاسیی و سەربازییەکانیان هەڵسەنگاندەوە، ئینجا پێڤاژۆیەکی نوێیان وەگەڕ خست. بەمشێویە، بەرخۆدانی کورد لە کۆبانێ، ڕۆژاڤا هەلومەرجی نوێی ئافراند. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و ڕای گشتیی فشاری خستە سەر ئەمریکا و هێزە نێودەوڵەتییەکانی دیکە بۆ ئەوەی دەستێوەردان لە دۆخەکەدا بکەن. بەرخۆدان لە شەنگال پەرەی سەند و دواتر لە کۆبانێ بە لوتکە گەیشت، ئەمەش ویژدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی جووڵاند.

پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و یەپەگە، هاوشێوەی هاوپەیمانیی نێوان ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێتی جاران لە دژی فاشیزمی هیتلەر لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا، بە ڕەوا و پێویست دەبینرا. بەمشێوەیە، هەروەک چۆن ئەوکاتە ئەمریکا و سۆڤێت پێویست بوو دژ بە فاشیزم پەیوەندییان هەبێت،



Untitled-1.indd 18 2026-05-19 4:53:45 PM

یەپەگە و ئەمریکاش پێویستیان بەو جۆرە پەیوەندییە هەبوو. بەم شێوەیە پەیوەندییەکی تاکتیکیی لەگەڵ ئەمریکا لە دژی داعش، پەرەی پێ درا.

بۆیە، لەبری ئەوەی تەنیا بە دیاریکردنی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیی لایەنەکان دەرئەنجامگیریی بکرێت، گرنگترە بزانین ئەم پەیوەندییە چۆن پەرەی سەندووە و مەبەستی لایەنەکانی نێو ئەم پەیوەندییە چییە. ئەگەرنا، چل ساڵە ئەمریکا شەڕی پەکەکە دەکات و پەکەکەش لە نێو داگیرکارییدا دژی سیستەمی ئیمپریالیستی دەجەنگێت. بەڵام، دۆخێکی نوێ و ئاژاوەیەکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووەتە ئاراوە کە پەیوەندیی بە سیستەمی جیهانییەوە هەیە. لەم بارودۆخە پڕ ئاژاوە و قەیراناوییە نوێیەدا، تەنیا خەباتی گەلانی ستەملێکراو و بزووتنەوە سۆشیالیستییەکان دژی هێزە ئیمپریالیستەکان نییە. بەڵکوو ململانێ لە نێوان خودی هێزە ئیمپریالیستەکان، یان لە نێوان هێزە ئیمپریالیستەکان و هێزە ناوچەییەکان یاخود خواستە کۆنەپارێزە ناوچەییەکەشدا هەیە. ئەم خەباتە، دەرفەت دەئافرێنێت تا هەموو لایەنەکان بتوانن بچنە نێو پەیوەندیی تاکتیکییەوە و لە هەمان کاتدا بەرەو پێشەوە بچن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بۆیە، هەموو لایەنێک هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکەی دەدات بەو پێیەی سوود لە هێز و توانای ئەوانی دیکە وەردەگرن. پێگەی سیاسیی و سەربازیی جۆراوجۆر ئەم ڕەوشە فەراهەم دەکەن.



Untitled-1.indd 19 2026-05-19 4:53:45 PM

له سەرەتای قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوای مایەپووچیی ئەو وەبەرهێنانە سیاسیی و سەربازییانەی لە سووریا لە ڕێگەی تورکیا و سعوودیەوە کردبووی، ئەمریکا کەوتبووە بەردەم چەند بژاردەیەکەوە. یەکەم بژاردەی دەرچوون بوو لە سووریا، واتە چۆڵکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەم کارەش ئەمریکا لە سیاسەتی هەژموونی جیهانیی پاشەکشەی دەکرد. ئەمریکاش بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی ئەوە بکات. بژاردەی دووەم، سەرەڕای مایەپووچییەکان، ئەوە بوو کە وەبەرهێنانی زیاتر لە سیاسەتەکانی بەرانبەر تورکیا و سعوودییە بکات کە پێشتر پەیڕەوی کردبوون. بێگومان ئەمەش دەرئەنجامێکی جیاوازیی لێ نەدەکەوتەوە. بژاردەی سێیەم، بریتی بوو لە هەنگاونانی زیاتر بە پەرەپێدانی پەیوەندیی لەگەڵ هێزێکی نوێ کە سەرکەوتنی خۆی لەسەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتدا سەلماندبوو. بژاردەی سێیەمیان ئەو هەڵبژاردەیە بوو وا ئەمریکا بە ناچاریی دەبوو بیکات.

ئەمریکا، لەبری ئەوەی لەگەڵ تورکیا و سعوودییە بەردەوام بێت و سیاسەتەکانی پێشووی دووبارە بکاتەوە و دژ بەم هێزە ئازادیخوازەی کە سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو بجەنگێت، هێزە ئازادیخوازەکەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشی ئەو سەرکەوتنەی ئەم بەرخۆدانە هێنابوویە ئاراوە، کە دیارە سوودی بۆ خۆیشی دەبێت. ئەمە ڕێبازێکی ئیمپریالیستی فێڵبازانە بوو کە هەوڵی دەدا هەر دەستکەوتێک بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی. کاتێک پەیوەندییەکی تاکتیکیی پەرە پێ دا، ئەمریکا زۆر باش ئەمەی لێکدابووەوە.

ئەمریکا پێڤاژۆیەکی لەسەر بنەمای پشتیوانیی لە بەرخۆدانی هێزەکانی یەپەگە وەک ڕێبازێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دەست پێ کرد. بە دڵنیاییەوە، خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژاڤا، لەسەر بنەمای ئازادیی و یەکسانیی سۆسیالیستیی دامەزراون. ئەم خەباتە، دەربڕینی ڕێبازێکی سیاسییە لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و یەکگرتوویی گەلان. لە بەرەکەی دیکەشەوە، ئیمپریالیستەکان خەبات بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن. ئەم هەڵوێستە ستراتیژیی و ئایدیۆلۆژییە زۆر جیاوازانە لە کۆبانێدا چوونەتە نێو پەیوەندییەکی تەنیا تاکتیکییەوە. دەتوانرێت، ئەو پێشهاتانەی بەدوایدا هاتن، وەک درێژەپێدەری ئەم پەیوەندییە تاکتیکییە سەیر بکرێن.

ئەم پەیوەندییە، خۆی لە خۆیدا پەیوەندییەکی زۆر بەئازارە. لەلایەک بزووتنەوەی ئازادیی هەوڵی درێژکردنەوەی پانتایی خۆی دەدات و بە پەرەپێدانی ڕێگەچارەی دیموکراسیی، سەرکردایەتیی خەباتێک دەکات بۆ دروستکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئازاد، لەلایەکی دیکەشەوە، بەرەکەی دیکە، هەوڵی فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. ئەمەش، پەیوەندییەک نییە بەرەکان پاڵپشتیی یەکدی لەسەر بکەن، بەڵکوو لەبری ئەوە لە ململانێی بەردەوامدان.


Untitled-1.indd 21 2026-05-19 4:53:45 PM

Untitled-1.indd 22 2026-05-19 4:53:45 PM

# بەشی دووەم:

## کۆبانێ؛ خاڵی وەرچەرخان و پەیوەندییە تاکتیکییەکان

» ستراتیژی داعش و بەرخۆدانی شەنگال.

» پەیوەندیی تاکتیکی لەگەڵ ئەمریکا و ڕەهەندە مێژووییەکانی.

Untitled-1.indd 24 2026-05-19 4:53:45 PM

**بەرفین: ئایا دەتوانین بڵێین ئەمە دۆخێکی زۆر دەگمەنە، ڕەنگە یەکەم ڕەوشی لەم جۆرە بێت؟ ئایا هاوبەشییەکی تاکتیکیی هەیە و لە هاوبڕیی بەرژەوەندیی هێزی گەلانی ستەملێکراو و هێزە ئیمپریالیستییە هەژموونگەراکان سەرهەڵدەدات؟**

**ئاڵتوون:** ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم پەیوەندییە یەکەمین پەیوەندیی بێت، بەڵام شتێک نییە لە جیهاندا نەبیستراوبێت. ئەگەر سەیری مێژووی تێکۆشانەکانی ئازادیی بکەین، بەر چەندین نموونەی لەم جۆرە دەکەوین. لە مێژووی نزیکدا هەندێک نموونە هەن، بە تایبەت لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم و لە سەردەمی شۆڕشی سۆڤێتدا.

لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، سۆڤێت و ئەمریکا خاڵە هاوبەشەکانی خەباتیان دژی فاشیزم بینییەوە. هەنووکە کە ئەمە هەڵدەسەنگێنین، دەبێت چۆن پێگەی یەکێتیی سۆڤێت پێناسە بکەین؟ ئایا دەڵێین، یەکێتیی سۆڤێت دوای هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا یان بەریتانیا هاوکاریی ئیمپریالیزمی کردووە؟ ئەگەر پێناسەکە بەمشێوەیە بکەین، ئەوا ڕێبازێکی زۆر ڕواڵەتیی و دەمارگرژانە دەبێت.

هەروەها لە شۆڕشی ئۆکتۆبەریشدا چەندین نموونە هەن. دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ڕێککەوتنی ئابووریی و سیاسیی لەگەڵ دەوڵەتە سەرمایەدار و ئیمپریالیستەکان هاتە ئارا. ئەگەر سەیری سرووشتی ئەم ڕێککەوتنانە بکەیت، ناتوانین نکۆڵیی لە سۆسیالیزمی سۆڤێت بکرێت. هەروەتر، نکۆڵیی سۆسیالیزم



Untitled-1.indd 25 2026-05-19 4:53:45 PM

ناکرێ کاتێک لینین پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیمپریالیستەکان پەرە پێ دا. هەمان شت بۆ ئەو ڕێککەوتنانەش دەگونجێت وا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەنجام دراون. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ باسی پێویستیی پەرەپێدانی پەیوەندیی و ڕێککەوتننامە تاکتیکیی و ستراتیژییەکان بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، خەبات دژی فاشیزم لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، پێویستی بە هاتنەئارای بەرەیەکی هاوبەشی دژەفاشیزم هەبوو.

**بەرفین: ئەم پەیوەندییانە تا کەی بەردەوام دەبێت؟**

**ئاڵتوون:** ئەگەر لە نزیکەوە سەیری بکەین، ئەم جۆرە پەیوەندییانە سنووردارە بۆ ماوەی هەبوونی هەر کێشەیەکی دیاریکراو. واتە لە ئاستی پێکهێنانی پەیوەندیی ستراتیژییدا نین. هەروەک چۆن ڕێککەوتنەکانی شۆڕشەکانی ئۆکتۆبەر لە بارودۆخی یەکگرتندا هاتنە ئاراوە، هەروەک چۆن ئەو ڕێککەوتنانە لە کاتی کۆتاییهاتنی دۆخی پەیوەندیدردا بێبەها مانەوە، هەمان شت لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمیشدا ڕووی دا.

ئەو هاوپەیمانییەی لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا پەرەی سەند، هەڵوێستێکی دژەفاشیستانە بوو، کە لە خواستی یەکێتیی سۆڤیێت بۆ بەرگریی لە خاکەکەی لە ژێر هێرشی چڕدا لەگەڵ بەرژەوەندیی هێزەکانی دیکەی دژەنازیی، سەری هەڵدا. ئەم



Untitled-1.indd 26 2026-05-19 4:53:45 PM

ڕێککەوتنە تا ئەو کاتەی هێرشە فاشیستییەکان بەردەوام بوون، وەک خۆی مایەوە. بەڵام کاتێک فاشیزم شکستی هێنا، هەموو لایەنەکان گەڕانەوە بۆ هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆیان و بەپێی ڕێبازی ئایدیۆلۆژیی-سیاسیی خۆیان هەنگاویان نایەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی ئەم جۆرە پەیوەندییانە زۆر نییە. ئەمە یەکەمین پەیوەندیی لەم جۆرەیە و دۆخێکی تایبەتیشە. دەکرێ ململانێ و خەبات لە جیهاندا بە جەنگی جیهانیی سێیەم بخوێنرێتەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێی جیهانیی. ئەمەش بەو مانایەیە ڕەنگە گەواهیی هەندێک پێشهات بین کە پێشتر لە ناوچەکەدا نەمانبینیوە. بۆ نموونە، ڕەنگە ببینە گۆڤانی پەیوەندیە ئاڵۆزە تاکتیکیی و ستراتیژییەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە سۆسیالیستییەکان، کە هەموویان بۆ بەهێزکردنی پێگەکانیان دەجووڵێنەوە. چونکە واقیعی سەر گۆڕەپانەکە زۆر ئاڵۆزە. هەنووکە سێ ڕەوتی سەرەکیی هەن.

یەکەمیان، ڕەوتی ئیمپریالیزمە و زلهێزە گەورەکانی تێدایە. ئەم ڕەوتەش، دەوڵەتانی ئەمریکا، ڕووسیا و یەکێتیی ئەورووپا نوێنەرایەتیی دەکەن. ڕەوتی دووەم، لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە، وەک تورکیا، ئێران و سعوودییە نوێنەرایەتیی دەکەن. ڕەوتی سێیەم، ئاڕاستەی سۆسیالیزم، دیموکراسیی و ئازادییە. ئەمەش لەلایەن بزووتنەوە جەماوەرییە چەپ و سۆسیالیستییەکانی، وەک پەکەکە، نوێنەرایەتیی دەکرێت.



Untitled-1.indd 27 2026-05-19 4:53:45 PM

ئەم سێ ڕەوتە، لەگەڵ یەکدی و لە نێوان خۆیاندا ناکۆکن، بە تایبەت ڕەوتی یەکەم و دووەم. بۆیە، ئەم هێزانە دەتوانن بەپێی بەرژەوەندییە باڵاکان و ململانێیەکانیان بەردەوام پەیوەندیی و هاوپەیمانیی جیاواز پەرە پێ بدەن. سەرەڕای ناکۆییەکان لەگەڵ ئەوی تر، هەموو هێزێك خۆی بە کراوەیی بە ڕووی پەیوەندیی و هاوپەیمانییدا، پێگەی خۆی جێگر دەکات. پێناسەی ئێمە بۆ "جەنگی جیهانیی سێیەم" لەسەر بنەمای ئەم واقیعەیە. کاتێک ئێمە پێناسەیەی جەنگی جیهانیی سێیەم دەدەینە پاڵ ئەم واقیعە، پەیوەندییە ستراتیژیی و تاکتیکییە نوێ و هەمەچەشنەکان دەبینین. کاتێک ڕەوشەکە وەها بێت، هەرچەندە ڕەنگە دژیەك دەربکەوێت، بەڵام بۆ بەرەوپێشچوون بەرەو ئامانجە ستراتیژییەکانیان، زۆرێک لە هێزەکان پەیوەندیی تاکتیکیی پەرە پێ دەدەن. ئەمەش بۆ هەموو بەرەکان ڕاستە. جا لە چوارچێوەی سرووشتی سیاسەت و دیپلۆماسیدایە و پێویستە چاوەڕوانی ئەمەش بکرێت. بۆیە ڕەنگە دادوەریی، تەنیا بە سەیرکردنی دۆخە سیاسی و سەربازییە کراوەکاندا، ڕێبازێکی زۆر بەرتەسك و کورتبینانە بێت.

گرتنەبەری ڕێبازی درووست بریتییە لە: سەرمایەداریی لە قەیرانێکی قووڵ و بنیادییدایە. ئەمەش قەیرانێکی جیهانییە، دەتوانرێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چڕیی ئەمە ببینرێت. ململانێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەردوو ئاستی سەربازیی و سیاسییدا ڕوو دەدات. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە قەیرانەکە تەنیا ڕێبازی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی بەس نییە. هاوکات پێگەیەکی



Untitled-1.indd 28 2026-05-19 4:53:45 PM

ڕێکخراو و سەربازیی پێویستە. کاتێک پێگەیەکی ڕێکخراو و سەربازیی دەگریتە بەر، ئەوە مانای وایە بەردەوام دژی دۆخی هەنووکەیی دەجەنگیت بۆ ئەوەی بیگۆڕیت و بیگوازیتەوە و بنیادێکی نویٚ پەرە پێ بدەیت. ئەمەش بێڤاژۆیەکی کردارییە. ئەگەر بە درووستیی هەڵسەنگاندن بۆ دۆخەکە نەکرێت و دیالەکتیکی پێشکەوتنەکە بە شێوەیەکی باش ڕانەپەڕێندرێت، ڕەنگە ڕێبازە وشکەباوەڕییەکە ببێتە هۆی لەناوچوونی بەرەیەك. لەو بارەدا، ڕەنگە دۆخێک سەرهەڵبدات و هێڵ و ئاڕاستەی ئازادیی دەرنەبڕدرێت و نەناسرێتەوە.

بەهۆی ئەمەوە، پێویستە زۆر بە باشیی بوارەکە بناسین و شیکاری بکەین. دەبێت زۆر وردبین بین کاتێک بڕیار دەدەین کەی و چی بکەین بەرانبەر بە شتێک. کاتێک دەستکەوتێك بەدەست دەهێنین یان دەست بەسەر شوێنێکدا دەگرین، دەبێت بە وردیی هەڵسەنگاندن بکەین کە چۆن بەرگری لیٚ دەکرێت و چۆن بۆ بنیادنانەوە و دامەزراندنی سۆسیالیزم بەکار دەهێنرێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری نەکەین، ئەوا هەرگیز ناتوانین لە ڕێگای ئازادیی یاخود هەڵوێستی دەوڵەتە ئیمپیریالیستە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان تێبگەین. ئەگەر هەموو ئەمانە تێکەڵ بە یەکدی بکەین و لەگەڵ ڕێبازە تیۆرییەکانی خۆمان جیا بووەستینەوە، جا وەک بەرگریکاری مەزنی ئازادیی مامەڵە بکەین، هاوکات وەک بێدەسەڵاتێکی کاریگەر بمێنینەوە، ئەوا ڕاستییەکەی زیانێکی زۆر بە خەبات و بەرخۆدانی گەل دەگەیەنین.

**بەرفین: لە مرۆڤ باوەڕ ناکات ئەمانە پەیوەندیی تاکتیکیی بن. ئێستا هێزەکانی ڕۆژاڤا (خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا) پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا هەیە. ئەمانەش زلهێزی ئیمپریالیستیی گەورەن. لە کاتێکدا پەیوەندیی سیاسیی، سەربازیی و ئابووریی لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەبێت، چۆن پارێزگاریی لە ناسنامەی سۆسیالیستیی دەکرێت؟**

**ئاڵتوون:** یەکەم، دەبێ ئەمەتان پێ بڵێم: پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگرین، خەباتی ئێمە بە وردبوونەوە لە ئەزموونی مێژوویی خەباتەکانی دیکە بۆ ئازادیی بەرێوە دەچێت. دووەم: کەس ناتوانێت لە ڕوانگەی ڕیاڵ سۆسیالیزمەوە لە بزووتنەوەکەمان تێ بگات. لە کارراپەڕێنیی ڕیاڵ سۆیالیزمەوە دەزانین کە ناتوانین بە جەمسەرگیریکردنی جیهان لە شێوەی بەرە و پێناسەکردنی خۆمان لە چوارچێوەی یەکێک لە بەرەکان تێکۆشانی ئازادیی بەرێوە ببەین. جیهان لەو دۆخەدا نییە و ناتوانرێت بە گۆشەگیریی و پەراوێزخستنی خۆت لە نێو سیستەمی سەرمایەداریی جیهاندا خەباتی ئازادیی ئەنجام بدەیت. دەبێت کێشەکە بە کۆ ببینین و بەوپێیە مامەڵە بکەین.

ئێمە لە سیستەمێکی جیهانی سەرمایەدارییدا دەژین. ئێمە دەمانەوێت پانتاییەکی ئازادیی بۆ خەبات دژی سەرمایەداریی، ئیمپریالیزم و داگیرکاریی فەراهەم بکەین. ئێستا ئێمە هیچ دەرفەتێکمان نییە بۆ ئەوەی خۆمان لە پانتاییەکی ئازادیی هەبوودا جێگیر بکەین. ئێمە دەمانەوێت لەناو ئەم جیهانەی بەند



Untitled-1.indd 30 2026-05-19 4:53:45 PM

و بە کۆیلە گیراوە، پانتاییەك بۆ خەباتی ئازادیی و ڕزگاریی ئاوا بکەین. ئەو هەرێمە ئازادییانەی دەخوازین ئاوایان بکەین، ئێستا لە ژێر جڵەوی زلهێزەکاندان. خۆشبەختانە، پێڕە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان لە نێوان خۆیاندا ناتەبایی زۆر توندیان هەیە. ئێمە تەنیا بە سودوەرگرتن لەم ململانێ و ناتەباییانە دەتوانین بە ناوی ئایدیالیزمی سۆسیالیستیەوە بەرەو پێشەوە بچین. درووستکردنی جەمسەرگیریی و هەڵوێستوەرگرتن تێیدا، لە بەرژەوەندیی هێزە سۆسیالیستیەکاندا نییە.

ئەگەر بە تێگەیشتنی جەمسەرگیریی ڕیاڵ سۆسیالیزم لە کێشەکان نزیک ببینەوە، ئەوا دەبێت لە یەک کاتدا، ڕووبەڕووی هەموو هێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان ببینەوە. بەڵام لە واقیعدا، هێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان چونیەک و هاوجۆر نین. دژیەکیی و ناتەبایی جۆراوجۆر لە نێوان ئەم هێزانەدا هەیە. سودمەندنەبوون لەو ململانێیانە و کۆکردنەوەی هێز و پێگە بە ناوی بیرۆکەی سۆسیالیستییەوە گورزێکی کوشندەی لە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیی دا.

ئەگەر تەنیا بە جیاکردنەوەی سۆسیالیست و سەرمایەدار-ئیمپریالیستەکان سەیری دۆخەکە بکەین، ئەوا لەسەر ئەرزی واقیع تەنیا چەند کەسێکمان بۆ دەمێنێتەوە کە دەتوانین بە دۆست ناویان ببەین. جا، بە کۆکردنەوەی ئەم ‹دۆستانە› زۆر سەخت دەبێت ئەم خەباتە گەورەیە بەرەو پێشێ ببەین. کاتێک دەرفەتێک دێتە ئارا، هەرچی لە سیستەمی سەرمایەداریی – ئیمپریالیستیی وەری دەگرین، بزووتنەوەی سۆسیالیستیی بەهێزتر دەکات و لە هەمان کاتدا ئەوانیش لاوازتر دەکات.



Untitled-1.indd 31 2026-05-19 4:53:45 PM

كاتێک دەرفەتێکی لەم شێوەیە لەبەر دەممان خۆی بەیان کردووە، پێویستە بە ڕێکخستن و کردنەوەی پانتایی ئازادیی، لەگەڵ ئەو پێویستییانەی ڕێبازە ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکانمان بۆیان فەراهەم کردووین، بەرەو پێشەوە بچین. ئاشکرایە، هێزی هەژموونگەر هەن و لە پەیوەندیدان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریی، ئەو هێزانەش لەبەردەم خەباتی ئێمەدا بەربەستن و ناوچەکانیان جڵەو کردووە. جا پێویستە ئێمەش پانتاییەک لەم ناوچەیە بۆ خۆمان بسازێنین تا درێژەی زیاتر بە خەباتی ئازادیی بدەین.

کاتێک سەیری واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، هیچ پانتاییەکی دیاریکراوی ئازادیی یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ئازاد بوونی نییە. لە درێژایی مێژوودا هەموو ناوچەکان لەدەست چوون. کۆمەڵگا لە نێو سیستەمی جیهانیی سەرمایەدارییدا تواوەتەوە. وڵات و ناوچەکان لەلایەن هێزە هەژموونگەرە داگیرکەر و ئیمپریالیستەکانەوە داگیر کراون. ڕێگای ئازادیی بۆ کۆمەڵگا، لەژێر ناوی سەروەریی دەوڵەت گەڵە دراوە.

کورد، لەم هەلومەرجەدا خەریکی پەرەپێدانی خەباتی ئازادییە. ئێمەی کورد هەوڵ دەدەین پانتاییەك بۆ ئازادیی لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتییدا درووست بکەین کە لەلایەن ئیمپریالیزم و چوار وڵاتی داگیرکەر (ئێران، ئێراق، تورکیا و سووریا) نکۆڵیی لێ دەکرێت. لەبەر ئەمە، پێویستە بە هەنگاو و ڕێبازی زۆر ورد بەرەو پێشەوە بچین. ناوزەدکردنی هەموو هێزەکانی دژ بە ئێمەی کورد، بە «ئەمە ئیمپریالیستە»، «ئەوە

داگیرکەری و سەرمایەدارییە» بە مانای قەبووڵکردنی شکست دێت. ئەمەش، واتە مەترسیی ڕامالینی خەباتی ئازادیی.

کەواتە، پێویستە چی بکرێت؟ پێویستە بزانین چۆن، بە شیکردنەوەی واقیعی سەربازیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچانەی خۆمان لە هیچەوە بنیاد بنێین. ئینجا، کاتێکیش دەخوازیت بەم شێوەیە مامەڵە بکەیت، ئەوا ناتوانین خۆمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە جۆراوجۆرەکان، پەرەپێدانی پەیوەندییە تاکتیکییەکان و چوونە نێو پەیوەندییە سەربازیی و سیاسییەکان دەرباز بکەین. ئەوەی گرنگە، پابەند بین بە هێڵ و ئاڕاستەی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی و ڕێبازی ئازادییەوە. پێویستە دڵنیا بیت کە هەموو ئەمانە خزمەت بە ئامانجەکانت دەکەن. ئەوانەی، خەباتی ئازادیی بەڕێوە دەبەن، پێویستە ئەم واقیعە لەبەرچاو بگرن و لە چوارچێوەی ئەم تەڤنارەدا خۆیان دەرببڕن.

هەنووکە، خەباتێکی ئازادیخوازی هەیە و ئێمەی کورد پەرەی پێ دەدەین. ئەگەر بنواڕیتە مێژووی خەباتەکەمان، دەردەکەوێت کە سەختیی و ئەزموونی زۆر هەبووە. بۆ زێدەتر لە چل ساڵ، سیستەمی سەرمایەداریی و ئیمپریالیستی جیهان دژی خەباتی ئێمە بۆ ئازادیی، یەکیان گرتووە. پاڵپشتیی هێزە داگیرکەرەکانیان کردووە و وەبەرهێنانی گەورەیان بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیی کردووە. سەرەڕای ئەوەش، بە پشتیوانیی گەل، خەباتێکی مەزن پەرەی پێ دراوە. خەباتەکەش لەلایەن گەلەوە پێشوازیی لێ کراوە. ئەم ڕێبازەی ئازادیی، کە کۆمەڵگای کوردیی پێشوازیی لێ



Untitled-1.indd 33 2026-05-19 4:53:45 PM

کردووە و باوەشی بۆ گرتووەتەوە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، هەروەتر، ئەم خەباتە لە چوارچێوەی ئاریشەی ناوچەکەدا ڕەگی خۆی داکوتاوە. هەرچەندە جیهان دژی ئەم خەباتە بوو، بەڵام هەبوونی بزووتنەوەیەک کە لەسەر بنەمای شەڕی گەریلایی، سیاسەتی دیموکراتیی و ڕێکخستنی گەل دامەزراوە، ئەنجامێکی دەرەباوەڕی لێ کەوتەوە.

سەرباری ئەمەش، ئەم بزووتنەوەیە، توانای ئەوەی هەبووە، بەبێ پشتیوانیی چالاکانەی ئەو ڕێکخراوانەی خۆیان بە "بەرگریکەری ئازادیی" یان "دژەسیستەم" ناو دەبەن، بەرەو پێش بچێت. زۆربەی ڕەوتە چەپەکان نیگەرانییان بەرانبەر بزووتنەوەکەمان هەبووە، بەم پێیەش بە هیچ شێوەیەک پشتگیرییان نەدەکرد.

هەنووکە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاژاوەیەك هەڵگیرساوە. هەروەها ئەو ئاژاوەیە بەشێکی دەرئەنجامی خەباتی چل ساڵەی بزووتنەوەکەمانە. ئەم ئاژاوەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەرەونخوون کردووەتەوە. کاتێ سیاسەتی هێزە نێودەوڵەتیی و ئیمپریالیستەکان مایەپووچ بوون، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ سەری هەڵداوە. ئەوانەی وایان دەزانی سەرمایەداریی یان ئیمپریالیزم زۆر بەهێز دەبێت، شکستیان خوارد. قەیران و ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمووانی لووش دا و بزر بوون. بەهەمان شێوە، بنیادی هێزە ناوچەییەکان و هەژموونی دەوڵەتانی ناوچەکە دارماون.



Untitled-1.indd 34 2026-05-19 4:53:45 PM

جا، کەواتە ئەمە چۆن ڕووی دا؟ دەتوانیت ئەمە بە قەیرانی سیستەمەکە یان ڕەنگە لە ڕێگەی ململانێی مێژووییەوە ڕوون بکەیتەوە. بەڵام ئەمە بە تەنیا کورت دەهێنێت. دەبێ قەیران یان ململانێ مێژووییەکانی سیستەمەکە، پێش ئەوەی بگۆڕدرێت بۆ ئاژاوە، بەهۆی خەبات و دەستێوەردانەوە چالاک بکرێت. خەباتی ئازادیخوازیی چل ساڵەی پەکەکە، لە هاتنەئارای ئاژاوە و دارمانی سیستمەکەدا پشکدارە.

ئێستا هەمووان لە خەباتدان تا پێگەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبچننەوە. ئەمەش زۆر گرنگە. دەبێت ئەمە ببینین. هەنووکە، چەقی قەیرانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ئینجا، یان سەرمایەداریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی درووست دەکاتەوە و تەمەنی بۆ سەد ساڵی دیکە یان زیاتر درێژ دەکاتەوە، یاخود ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان ناوچەدا کە ڕۆژگارێک ئازادیی تێدا سەری هەڵدا، درزێک دەخاتە نێو سیستمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە، هەر لەبەر ئەمەشە، ئێستا هەموو زلهێزەکانی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان و لێرە شەڕ لەگەڵ یەکدی دەکەن. ڕێبازێکی زۆر کورتبینانەیە ئەگەر ئەم بارودۆخە تەنیا لە ڕوانگەی «شەڕی نەوت»ـەوە ڕوون بکەینەوە.

ناوچەکەمان، ئەو خاکەیە وا بێبازاڕیی ئێستای سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی گۆڕی بۆ جەنگی جیهانیی سێیەم. هەنووکە هەمووان لێرەن. خەباتی ئێرە ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و سیستماتیکە. ئیمپریالیزمی جیهانیی دەیەوێت لە ڕێگەی



Untitled-1.indd 35 2026-05-19 4:53:45 PM

ئەم خەباتەوە هەژموون و سیستەمێکی جیهانی پۆست-مۆدێرن پەرە پێ بدات. دەوڵەتانی ناوچەکە هەوڵ دەدەن ئەو دەستکەوت و بەرژەوەندییانەیان بپارێزن وا سیستەم لە سەدەی بیستدا بۆی دابین کردوون. گەلانی ستەملێکراو و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵ بۆ فەراهەمی ئازادیی و یەکسانیی خۆیان لەو ئاژاوەیەدا دەدەن. فیتاوفیت ئەمەیە هەنووکە لە ڕۆژاڤا ڕوودەدات.

**بەرفین: بەڵام لە کاتی پەرەپێدانی ئەم جۆرە پەیوەندییانەدا پشت بە چی دەبەستن؟ ئایا دەکرێت سەرەڕای ئیمپریالیزمی ئەمریکیی، ڕووسیی و ئەورووپیی، کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیی لە باکووری سووریا یان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاوا بکرێت؟**

**ئاڵتوون:** کاتێک سەیری بەرەوپێشچوونی پێشووی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، لە هیچ شوێنێک هێڵی ڕزگاریخوازیی نادۆزینەوە. لە هیچ یەک لە تونس، لیبیا، میسڕ و وڵاتانی کەنداو، هێڵی ڕزگاریخوازیی بوونی نەبووە. چونکە بە شێوەیەکی سەرەکیی ئاژاوە و قەیرانەکە وەک دامەزراندنەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و ململانێی دەسەڵاتە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان بەرەوپێش دەچوو. هیچ نەزم و ڕێکخراوێکی سیاسیی نەبوو تا نوێنەرایەتیی ئازادیی بکات. لە نەبوونی ڕێکخراوەییبوونیدا، هەوڵ و خواستی گەل بۆ ئازادیی لەلایەن



Untitled-1.indd 36 2026-05-19 4:53:45 PM

ئەو زلهێزانەوە لەناو برا. بەڵام کاتێک قەیرانەکە گەیشتە ڕۆژاڤا، لەسەر بنەمای هێڵ و ڕێگای ئازادیی دوخێکی نوێ سەری هەڵدا. ئەم بارودۆخە نوێیەش ڕێک بەهۆی خەباتی پەیەدە و یەپەگە/یەپەژە هاتە ئارا. بۆ یەکەمین جار، دژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، هێڵێکی سیاسیی دیموکرات و ئازادیخواز و سۆسیالیست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵدا. هەر لەبەر سەرهەڵدانی ئەم بەرە ڕزگاریخوازە لە ڕۆژاڤادا، هەموو هێزەکان یەکیان گرت بۆ تێکشکاندنی ئەم خەباتەی وا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان پێشوازی لێ کردبوو. بەڵام دواجار، لەگەڵ ئەم بەرە ڕزگاریخوازەی نەیانتوانی لەناوی ببەن، کەوتنە پەرەپێدانی پەیوەندیی.

جا پێویستە لەم پێگەیەدا چی بکرێت؟ بە دڵنیاییەوە، سەرەتا، ئەوانەی خەبات بۆ ئازادیی دەکەن، پێویستە باوەڕیان بە خۆیان هەبێت. ئەگەر پێویستی کرد و باوەڕیان بە ئایدۆلۆژیا، سۆسیالیزم، بە ئازادیی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی بێت، نابێت لە پەرەپێدانی پەیوەندیی لەگەڵ هیچ لایەنێک دردۆنگ بن.

ئەم پرسیارەی ئێوە ڕێک هاوشێوەی چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەگەر هەندێک خەباتی ئازادیخوازانە بکەن و هەندێکی دیکەش هەوڵی زاڵکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، ئەوا بێگومان بە ناچاریی ئەو لایەنانە جووت بە پێڤاژۆی پەیوەندیی و دژیەکیی، دانوستان و خەباتدا تێدەپەڕن. ڕەوشەکەش بەم شێوەیە دەبێت و بە پێچەوانەوە نابێت. دەکرێت ڕەوشەکە لە شێوەی کۆدەنگیی، هاوپەیمانیی یان ململانێدا بێت.



Untitled-1.indd 37 2026-05-19 4:53:46 PM

بۆ نموونە، ئەمریکا ناچار بوو پەیوەندییەکی تاکتیکیی لەگەڵ یەپەگە، هێزێک کە لە سەرەتاوە هیچ خواستێکی بۆ نیشان نەدەدا، ببەستێت. بەڵام، ئەمریکا هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر و هەوڵ دەدات ناسنامەی سۆسیالیستیی لە یەپەگە دابماڵێت و بیخاتە نێو سیستەمی سەرمایەداریی-ئیمپریالیزمەوە. ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا لە کاتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکدا. بەڵام کورد و هێڵی سیاسیی ئازادیی، لەم پەیوەندییەدا ئامانجی تایبەتیی خۆی هەیە. گرنگە بزانین، بەرانبەر بە هێزە ئیمپریالیستە پاوانخوازەکان، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد ئەسپی خۆی تاو داوە.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەو ئەنجامانەی لەم پەیوەندییەدا بەدەست هاتوون، گرنگییەکی ستراتیژیی و تاکتیکییان بۆ هەردوولا هەیە. ئەو پێگەیەی کوردانی ڕۆژاڤا و هێزەکانی خۆبەڕێوەبەریی باکووری سووریا بەدەستیان هێناوە، دەستکەوتی ستراتیژیی بۆ هەموو هێزە سۆسیالیست و دژەسیستەمەکان بەدەست هێناوە. بەڵام سەبارەت بە سیستەمی ئیمپریالیزم، ئامادەیی و هەبوونی ئەمریکا لە سووریا تەنیا گرنگییەکی چەندایەتیی هەیە. بێگومان ئەم پەیوەندییە تاکتیکیانە بۆ ئەمریکاش گرنگن. ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە ئەم جۆرە پەیوەندییانە بەردەوام لە ناکۆکییدا دەبن. لەگەڵ ئەمەش بزووتنەوەی ڕۆژاڤا متمانەی بەخۆی هەیە و ئەنجامی شیاوی بەدەست هێناوە.



Untitled-1.indd 38 2026-05-19 4:53:46 PM

ئێستا، هاوپەیمانییەک لە سووریا هەیە و ئەمەریکا نوێنەرایەتیی دەکات. ئەمریکاش هەموو پاڵپشتێکی سەرمایەداریی هەیە. بەرەیەکی دیکەی ئەم سیستەمەش ڕووسیایە، بێگومان ڕووسیاش پشتیوانییەکی زۆری لە پشتەوەیە. بە ئامادەبوون و لە ڕێگەی ئەمریکا و ڕووسیاوە هەموو زلهێزە هەژموونخواز و ئیمپریالیستەکانی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نوێنەرایەتیی دەکرێن. هەروەتر دەوڵەتە ناوچەییەکانیش، لە نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیەدا لە پێگەی پەیوەندیی و دژیەکییدان. لە کاتێکدا ئەم زلهێزانە هەوڵی سەپاندنی هەژموونی سیستەمی جیهانیی ئیمپریالیستیی دەدەن، لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن، چونکە هەر یەکێکیان هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی وەک هەژموونێکی ڕەها بسەپێنێت.

لە هەلومەرجەێکی وەهاشدا، هەنووکە لە پارچە خاکێکی بچووکدا، کە ناوی ڕۆژئاڤایە، ڕووبەرێکی ئازادیی هەیە، لەوێڕا هەرێمێکی جڤاتیی دیموکراتیی لێ ئاوا بووە. ئەمەش بۆ یەکەمجارە باسی پانتایی ئازادیی لە ناوچەکەدا دەکەین. بە هەموو پاڵپشتییەکی ماددیی و ئەخلاقیی کۆمەڵگا، خەبات و شەڕی ئەم هێزە بەردەوامە. لەم نێوەندەدا، ئەم هێڵە ئازادییە خەباتگێڕە، دەخوازێت لە ڕێگەی ئامڕازە ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و ئابوورییەکانەوە لە بەرانبەر هەموو هێزی سیستەمی سەرمایەداریی جیهان خۆی بپارێزێت و جێگیر بکات.

دەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم پانتاییەی ئازادیی بۆ ئەو کەسانەی بەرگریی لە ئازادیی دەکەن، چی دەگەیەنێت.



Untitled-1.indd 39 2026-05-19 4:53:46 PM

ڕێبازێکی ئیمپریالیستیی، سەرمایەداریی هەیە و دەیەوێت ئەم ناوچەیە سەرتاپێ لەناو ببات. ئەمەش ئاڵنگاریی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە لایەکی دیکەوە، خەبات و ململانێش بۆ فراوانکردنی ئەم پانتایی و ناوچەیە لە برەو دایە. دەبێت زۆر باش لەم ململانێ و ناکۆکییە تێ بگەین. بەبێ تێگەیشتن لە ململانێکان، هەرگیز ناتوانین لە ناکۆکییەکە تێبگەین.

پاشان هێزەکانی سەر گۆڕەپانەکە دەبێت سوود لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا وەربگرن. تەنیا لە ڕێی تەماشاکردنی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەوە، دەکرێت لە پرسەکە تێبگەین.

**بەرفین: بەڕێزت باسی ڕێبازی ستراتیژیی زلهێزە نێودەوڵەتییەکانتان کرد. ئەی ڕێبازی ڕووسیا چییە؟**

**ئاڵتوون:** لە ڕێبازی ستراتیژیی ڕووسیادا دەبینین کە دەخوازێت وەک زلهێزێکی ناوچەیی لە نێو سووریادا بێت. کێ پشتگیریی ڕوسیا دەکات؟ ئێران، تورکیا، ئێراق و سووریا. ڕووسیا دەیەوێت بە کاریگەریی دانان لەسەر دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی جێگیر بکات و دابمەزرێنێت. ستراتیژیی بنەڕەتیی ڕووسیا چییە؟ ڕووسیا دەیەوێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕۆڵگێڕ بۆ ڕژێمی سووریا بهێنێت و لەم ڕێگەیەشەوە دەخوازێت ئەم دەوڵەتە بکاتە



Untitled-1.indd 40 2026-05-19 4:53:46 PM

هێزێکی هەژموونخواز. لە خواستی ڕووسیادا هیچ ڕێبازێک نابینین، لایەنگیری دیموکراسیی، یەکسانیی یان ئازادیی بێت، یان هیچ ڕێبازێک لە بەرنامەی ڕووسیادا نییە کە یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەکان بێت بە ڕێگەی دیموکراسیی.

بێگومان ڕووسیا لە کاتێکدا کە ئەم ڕێبازە پێش دەخات، هاوکات دوای هەڵسەنگاندنی ناتەباییەکانی ڕۆژانە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، بیرۆکەیەکیش پەرە پێ دەدات. ڕووسیا، سیاسەتی ئاوێتەکردنی ناوچە ئازادەکان بە سەرکردایەتیی کورد، بە سیستەمی ڕژێمی سووریا، واتە، دەوڵەت نەتەوەی سووریا، پەیڕەو دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕووسیا، هێزی سەربازیی و دەسەڵاتی سیاسیی و دیپلۆماسیی خۆی بەکار دەهێنێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەوانەی خەباتی ئازادیی بەرەوپێش دەبەن، دۆخی ئەم هێزە هەڵدەسەنگێنن و هەوڵ دەدەن بەسەر درزەکانیدا بەرەو پێش باز بدەن. لە ئاکامدا ئەم پەیوەندییەش زۆر کێشەدارە. چونکە ڕووسیا لە پەیوەندیدایە لەگەڵ تورکیا، ئێران، سووریا و دەخوازێت بزووتنەوەی ئازادیی ئاوێتەی ڕژێمەکەی سووریا بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بزووتنەوەی ئازادیی ئێمە، بە سودوەرگرتن لە درزی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم هێزانە، لە لایەنی سەربازیی، ئابووریی، سیاسیی و دیپلۆماسییەوە هەوڵ دەدات پێش بکەوێت.



Untitled-1.indd 41 2026-05-19 4:53:46 PM

**بەرفین: باسی ڕووسیامان کرد... ئەی ڕێبازی ستراتیژیی ئەمریکا چییە؟**

**ئاڵتوون:** بۆ ئەمریکاش، دۆخێکی هاوشێوە دەگوزەرێت. ئایا ئەمریکا لەگەڵ هێڵی ئازادیی سیاسیی پەیەدە ئاسوودەیە؟ باوەڕ ناکەم ئەمریکا بە ڕاگەیاندنی کانتۆنەکان یان دامەزراندنی سیستەمی خۆبەڕێوەبەریی لەبری دەوڵەت، یاخود هەوڵەکان بۆ ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد ئاسوودە بێت. ئەمریکا ئەوانە وەک ئارێشە دەبینێت و پشتگوێیان دەخات. ئەمریکا دەخوازێت لە ڕێگەی پەیوەندییە تاکتیکییەکانەوە سەرکەوتنی سەربازی بەدەست بهێنێت. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کارزانانە پەیوەندیی ستراتیژیی و دووربینانە لەگەڵ دەوڵەتە ناوچەییەکان پەرە پێ دەدات. لەبەر ئەمە، هەڵوێستوەرگرتن دژی ئەمریکا و پشتگوێخستنی ڕەهەندی دژەئیمپریالیستیی پەیوەندییە تاکتیکییەکە، وەک ئەوە وایە، بە دەستی سیستەمی هێزی هەژموونخواز یاریی بکەیت.

جگە لە پەیوەندییەکی تاکتیکیی، سیاسیی و سەربازیی هیچ پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ ئەمریکادا بوونی نییە. نموونەی ئابووری زاڵ کە لەسەر بنەمای پاوان دامەزراوە، لە ڕۆژاڤا لە گۆڕێ نییە. لە ڕۆژاڤا، هیچ پنتێك بۆ پاوان نادۆزرێتەوە و نییە. ڕۆژاڤا، ئاواتەخوازی سیستەمێکی یەکسانیخواز و دیموکراسییە. دەتوانین، ئەم پەرۆشیی و ئامانجەش بە ئاسانیی لە دەستووری خۆجێییدا ببینین. هەنووکە، لە ڕۆژاڤا کۆمەڵگایەکی دیموکراسیی و سیاسەتی دیموکراسیی ڕێک دەخرێت و دادەمەزرێت.



Untitled-1.indd 42 2026-05-19 4:53:46 PM

لە ڕووی ئابوورییەوە، ئامانجی سەرەکیی دامەزراندنی جڤاتێکی کۆمەڵایەتییە. بەم شێوەیەش، یاسایەکی دژەچەوساندنەوە و دژەقۆرخکاریی ئامادە دەکرێت. لەم ئاستەدا هاوپەیمانییەکی تاکتیکیی و ستراتیژیی لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا و هەر هێزێکی سەرمایەداریی، ئیمپریالیستیی دیکەدا نییە. بە پێچەوانەوە، جیهانبینییەکی زۆر جیاوازتر بەسەر ئەو هێزانەدا دەسەپێنرێت. هەوڵەکان لە پێناو ئەوە دەدرێن، کە نیشانی ئەو هێزانە بدرێت، دەشێ جیهانێکی دیکەش هەبێت، بەڵام سیستەمی سەرمایەداریی بەرپەرچی دەداتەوە و پەسەندی ناکات، جا هەوڵ دەدات ئەم جیهانە تازەیە بخاتە ناو دەوڵەتی نەتەوەییەوە، بۆ ئەوەی پێش ئەوەی جیهانی جێگرەوە لەدایک ببێت، لەباری ببات.

**بەرفین: ڕووسیا و ئەمریکا توانستێکی سەربازیی و دەسەڵاتی سیاسیی بەهێزیان هەیە. ئەوان باڵادەستییەکی ئاشکرایان بەسەر هێزی ئێوەدا هەیە؛ لەم بەراوردکارییشەوە، دەتوانین تێبینی دۆخی هێزی ناهاوسەنگ و نابەرانبەر بکەین. لە بەرانبەر ئەم دوو بەرەیەدا پێشینە و بەرژوەندییەکانی ئێوە چین؟ ئایا بەراورد بەوان هیچ بەرژەوەندییەکی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییتان هەیە؟**

**ئاڵتوون:** بێگومان لە هەندێک لایەندا، ئێمە لەوان لەپێشترین. پێشهاتەکانی بوارە جیاوازەکانش ئەمە

دەسەلمێنن. سەرەتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو شوێنەیە وا شارستانییەتی لێ لەدایک بووە. مەبەستم لە شارستانییەت ئەو قۆناغەیە وا لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتییەوە دەست پێ دەکات تا دامەزراندنی سیستەمی سەرمایەداریی. لێرەدا، باسی پێڤاژۆیەک دەکەین کە بەها مرۆییەکان لەناو چوون و داڕزێنراون. بەهۆی ئەمەشەوە، کۆمەڵگا تەواو بێچارە و نائومێد کەوتووە. ئاژاوەی هەنووکەش دەرئەنجامی ئەم داڕمانەی کۆمەڵگایە. کۆمەڵگاش لە گەڕانێکی چڕدایە بۆ ئازادیی، ئەم خواستی ئازادییەی کۆمەڵگاش ئەو شوێنەیە وا لە بەرژەوەندیی ئێمەدایە بەسەر بەرەکانی دیکەدا. بە گشتیی، ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی ئێمە کە دەتوانێت وەڵامێك بێت بۆ گەڕانی کۆمەڵگا بۆ ئازادیی، بەرانبەر ئیمپریالیزم و داگیرکاریی لە بەرژەوەندیی ئێمە دایە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشەگەلی زەبەند هەن و لەسەر بنەمای دابەشبوونی نەژادیی، ئایینیی، مەزهەبگەریی، چینایەتیی و ڕەگەزیی دامەزراون. سیستەمی شارستانییەت و دوا بەرهەمی ئەم سیستەمەش، کە سیستەمی سەرمایەدارییە، ئافرێنەری ئەم کێشانەیە. ئێمە چارەسەر بۆ ئەم کێشانە پێشکەش دەکەین، کە لەگەڵ مێژوو و کەلتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگونجێت. ئەوەی ڕاستیی بێت، ئێمە هزری سۆسیالیستیی بەو ئەزموونانەی لە مێژوو و ژیانی کەلتووری گەلاندا هەن، گرێ دەدەینەوە. ئەمەش هزر و بیرۆکەکانمانی سەرنجکێش کردووە.



Untitled-1.indd 44 2026-05-19 4:53:46 PM

هەروەها، ئێمە وەک بزووتنەوەیەک مێژووی چل ساڵمان هەیە، مێژوویەک، کە تەرخانە بۆ یەکسانیی، ئازادیی، دادپەروەریی و هاوسۆزیی و هاوپشتیی گەلان. لەبەر ئەمەش، هەموو یەکەکانی کۆمەڵگا متمانەیان بەم بزووتنەوەیە هەیە، چونکە لە ڕووی لەخۆبوردوویی و دڵسۆزییەوە تایبەتمەندیی بزووتنەوەی پێغەمبەرانی هەیە. بزووتنەوەکەمان، ئەم نەریتەی لەگەڵ سۆسیالیزمدا ئاوێتە کردووە و دەری دەبڕین.

ئەگەر ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و ڕێکخراوەیی ئاوا بکەیت، هەمیشە ڕێی تێ دەچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببیتە دەسەڵاتێکی کارا. بزووتنەوەکەمان لەم ناوچەیەدا ئەم ڕاستییەی سەلماندووە. بە درێژایی مێژوو، بەشێکی زۆری بەرگریکارانی ئازادییش ئەمەیان سەلماندووە. لە دەستپێکدا، ئەم سەرهەڵدانەشمان لە کوردستان ئاوا کرد، واتە، لە چوار پارچەی کوردستان. بەڵام دوای ئەوە، ڕۆژاڤا وەک دۆخێکی زۆر پێشکەوتوو سەری هەڵدا. ئەمەش بۆ بزووتنەوەکەمان زۆر گرنگە. ئاشکرایە، ئەگەر ڕێبازی درووست بگریتە بەر، ئەوا ئەنجامی ئەرێنیی و بەرهەست بەدەست دەهێنیت.

دووەم و لە هەمووی گرنگتر، گەلان و کۆمەڵگاکان ڕاستەوخۆ لە خەباتەکەدا بەشدارن. تا ئێستا بەشداریی کۆمەڵگا لە ململانێ و خەباتدا سنووردار بوو. کۆمەڵگا، یان قوربانیی یاخود لایەنی چەوساوەی ململانێی نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکان بووە. بەڵام بە تایبەت لە خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریادا نووکە هەموو بەش و یەکەکانی کۆمەڵگا لە چالاکانە لە



Untitled-1.indd 45 2026-05-19 4:53:46 PM

سیاسەت و هەوڵە سەربازیی و ڕێکخراوەییەکان بەشدارن. ئەمێستا زلهێزە ئیمپریالیست و داگیرکەرەکان توانستێکی زۆر سنوورداریان هەیە تاوەکوو بتوانن یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی دژی دەستەیەکی دیکە بجووڵێنن و شەڕ لە نێوانیاندا هەڵبگیرسێنن. لەم چوارچێوەیەدا، شێوازە نوێیەکانی دەربڕینی کۆمەڵگا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناوەندێکی نوێ و بوارێکی کۆمەڵایەتیی تازە. ئەمەش گرنگترین و لەپێشترین بەرژوەندییە کە بەرەی ئازادیی بەسەر بەرەی هەژموونخواز و داگیرکاردا هەیەتی.

بۆ نموونە، ئێستا دەتوانین باسی خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، کانتۆنی جەزیرە یان کانتۆنێکی دیکە بکەین. کاتێک تەنیا باسی ئەم بابەتە دەکەین، لەوانەیە درک بەوە نەکەین کە چەندە گرنگە. بەڵام، خۆبەڕێوەبەریی یان کانتۆنبوون دۆخێکی ئەوەندە سادە نییە. ئەمە مانای چییە؟ ئەمەش بە مانای درووستکردنی دوڕگەیەک لە ناوەڕاستی زەریایەکدایە. ئەمەش بۆ ئەوانەی ناتوانن وێنای دوژمن بکەن، دەرەباوەڕە. ئەگەر مرۆڤ هەست و ئەزموونی ئازادیی نەکات، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت لە گرنگیی دۆخی ڕۆژاڤا تێ بگات. ئێمە پێمان وایە، هەوڵی تێگەیشتن لە دۆخەکە بە هەڵسەنگاندنی سیاسیی چەقبەستوو و دەمارگرژانە، جگە لە دیماگۆژیی، هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

کەواتە ئەوە چییە لە ڕۆژاڤا سەرهەڵدەدات؟ لە کۆبانێ و عەفرین چی سەرهەڵدەدات؟ تێکڕا خۆبەڕێوەبەریی باکووری



Untitled-1.indd 46 2026-05-19 4:53:46 PM

سووریا مانای چییە؟ کاتێک بیر لەمانە دەکەینەوە، تێدەگەین کە لەم بوارانەدا بزووتنەوەکە نەک تەنیا وەڵامی لێگەڕینی گەلی بۆ ئازادیی دایەوە، بەڵکوو پانتایی و بوارەکانی ژیانی ئازادی ئاوا کردووە. ئەم ناوچانەی ئازادیی، وا خەریکە وەک دورگەی بچووک دەردەکەون. جا ئەم دورگانە بۆ ئەوەی پەراوێز نەخرێن، یەک دەگرن و هەوڵی پێکهێنانی خۆبەڕێوەبەریی دەدەن. هەروەتر لە سۆنگەی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕگێرییە نێودەوڵەتییەکانەوە، هەوڵی گەیشتن بە پێگەیەکی گشتگیری جیهانیی دەدەن.

پێویستە بزانین سەرمایەداریی لە بەرانبەر قەیرانی بنیادیی خۆیدا بێ چارەسەر ماوەتەوە و بنیادە هەژموونییەکانیش دژیەکیی و ناتەبایی زۆریان هەیە. ئەمانە لەپاڵ ئاژاوە و قەیرانەکاندا، لە بەرژەوەندیی و سوودێکی گەورە بە هێزە شۆڕشگێڕەکان دەبەخشن. بۆیە لێگەڕینی گەل بۆ ئازادیی، ئارەزووی مرۆڤایەتیی بۆ گەیشتنەوە بە ناسنامەی مرۆڤێتیی، جا دەرئەنجامەکانی ئەم ئارەزوو و هۆگرییەی مرۆڤ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاڤا، دەرفەتی زیاد لە پێویست بۆ پەرەسەندنی خەباتی ئازادیی دەڕەخسێنن.

**بەرفین: لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتین، ڕژێمی سووریا و ئێران بە دژە ئیمپریالیست دادەنرێن. لەم دواییانەشدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرکۆماری تورکیاش زمابازیی دژەئەمریکیی و دژەیەکێتیی ئەورووپا بەکار دەهێنێت. ئایا چی لە پشت دژەئەمریکێتیی ئەم**

دەوڵەتانەوەیە؟ ئایا هەر بە ڕاست دژەئیمپریالیستن یان دەتوانین بڵێین ئەمە دەرئەنجامی ململانێیەکی نێوەکیی هێزە داگیرکەرەکانە؟

**ئاڵتوون:** دەبێت دانی پێدا بنێین کە لە ڕۆژئاوا، چەند بزووتنەوەیەک هەن و دەتوانین بە دژەسیستەم ناوزەدیان بکەین. لە ڕووی مێژووییەوە، بزووتنەوە و ڕەوتەگەلێک هەبوون کە هەر بە ڕاستیی خەباتی ئازادیخوازییان بەڕێوە بردووە. بە دڵنیاییەوە دەبێت بزانین ئەمانە هێزی یەکجار بەهێزی دژی سیستەمن. جا ئەمریکای لاتینیش ناوەندێکی گرنگی ئەم هێزانەیە. لە شەستەکاندا، شەڕی گەریلایی بزووتنەوە سۆسیالیستییەکان بەرەیەکی گرنگی خەباتی شۆڕشگێڕانە بووە. بەڵام، ئەوانیش کێشەی خۆیان هەبووە. بۆ نموونە، لە ڕۆژئاوا بزووتنەوە دژەسیستەمەکان زۆر لاتەریك، پەراوێز و دابڕاو لە یەکدی دەردەکەون. ئەم هێزانە کێشەی توندیان لەگەڵ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و ڕێکخراوەییەکاندا هەیە. لە کاتێکدا، ئەم هێزانە کێشەیان لە گۆڕینی خۆیان بۆ بزووتنەوە دژەسیستەم و ئازادیخوازەکان هەیە، هاوکاتیش تێدەکۆشن بۆ دیاریکردنی بزووتنەوە ڕاستەقینە ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و سەربازییە دژەسیستەمەکان. دووربینییان ئەوەندە بەهێز نییە تاوەکو ناسنامەیەکی دیارییکراو پەرە پێ بدەن.

گەر هەر بزووتنەوەیەکی ڕۆژئاوایی وەربگرین، دەتوانین بە وردیی ڕەخنەی لێ بگرین. بۆ نموونە، کاتێک مێژووی ١٥٠



Untitled-1.indd 48 2026-05-19 4:53:46 PM

سالەی مارکسیزم هەڵدەسەنگێنین، بە شێوەیەکی سەرەکیی دەبینین لە ئەنجامدا ڕیاڵ سۆسیالیزمی لێ کەوتووەتەوە. دەکرێ واقیعی ڕیاڵ سۆسیالیزم لە چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە باس بکرێت. بێگومان مارکسیزم دەربڕینی هەڵوێستێکی دژەسیستەمە. هیچ کەسێ ناتوانێت نکۆڵیی لە ئەوە بکات کە مارکسیزم خاڵی وەرچەرخانە دژی هەژموون و ڕەنگدانەوەی پاشخانێکی سەد یان سەد و پەنجا ساڵەیە. بەڵام دواجار ئەگەر مارکسیزمێک ڕێگای ئازادیی بگۆڕێت بۆ ڕیاڵ سۆسیالیزم و خوێنی تازە بەبەر سیستەمەکەدا بکاتەوە، ئەوا پێویستە نیشانەی پرسیاری بخەینە سەر و ڕەخنەی لێ بگرین. بێگومان بە ڕوانگەی ڕیاڵ سۆسیالیزم، نە دەتوانرێت هێڵێکی ڕزگاریخوازانە بگیرێت، نە هێڵێکی سەرکەوتوو بە درووستیی هەڵسەنگێندرێت و پشتگیریی لێ دەکرێت. کاتێکیش سەیری ئانارشیزم دەکەین، بە شێوەیەکی سەرەکیی جیاوازیی نێوان باڵەکانی ئانارشیزم چەندایەتییە، جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوانیاندا نییە. لە ڕووی فەلسەفییەوە، ڕێبازی ئانارشیزم بۆ ئازادیی و یەکسانیی و هەڵوێستی بەرانبەر هێز، کەڵەکەبوونێکی بەنرخی پێشکەش کردووە. بەڵام، لەبەر ئەوەی ئەم کەڵەکەبوونە لە ئایدۆلۆژیا، خەبات، بەرخۆدان و لایەنە ڕێکخراوەییەکاندا دەرناخەن، بۆیە ناتوانن لە کۆمەڵگادا پێگەیەک بۆ نوێنەرایەتیی هێڵی سەرکەوتن بەدەست بهێنن. ئینجا لەبەر ئەوەی ناتوانن ئەمە بکەن، لە هاوکێشە، ڕێباز و تێگەیشتنی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو خەباتانەدا دەکەن وا لە شوێنێکی دیکەی جیهان پەرەیان پێ دراوە.



Untitled-1.indd 49 2026-05-19 4:53:46 PM

سەرەڕای ئەو هەموو گوتارە ڕادیکاڵ و ڕیشەییانە، کەچی ناتوانن خۆیان لە شێوازی ژیان و پەیوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداریی ڕزگار بکەن. ئەمەش کێشەیەکی زۆر گەورەی بەرەی ئازادییە. دەتوانیت بەشە فێمینیست و ئیکۆلۆژییەکانیش بۆ ئەم بەرەیە زیاد بکەیت.

کاتێک سەیری هەڵوێستەکەیان دەکەین، هەرچەندە وادەردەکەون دژی سیستەمن، بەڵام، ئاڵۆسکان و دەمارگرژیی گەورەیان هەیە. لێرەشدا، خۆبەدەستەوەدانی سیاسیی مەزن لە ئارادایە، دواجار دابڕان لە هەموو شتێک مانای خۆلەناوبردن دەگەیەنێت.

ئەمریکای لاتینیش لە ڕەوشێکی هاوشێوەدایە. لە مێژوودا، ئەمریکای لاتین قۆناغە گرنگەکانی تێپەڕاندووە، خەباتی دژی داگیرکاریی ئیسپانیی و پورتوگالیی، ئیمپریالیزمی ئەمریکیی کردووە. بە تایبەت لە ساڵانی شەستەکان سەرکردایەتیی خەباتی سۆسیالیزمی کرد، دواتریش شەڕی گەریلایی لێ کەوتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ستایش بکرێن. کەچی ئەگەر ئێستا سەیری دۆخەکە بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەیەکی بنەڕەتیی هەیە: سۆسیالیزم بە ئامرازەکانی سەرمایەداریی بنیاد نانرێت.

بۆ نموونە، دەتوانین بە ڕاشکاویی بڵێین، ئەوانەی بانگەشەی سۆسیالیزم دەکەن، تا ئێستا ڕیاڵ سۆسیالیزمیان تێنەپەڕاندووە. ئەگەر بە شێوەیەکی سەرەکیی خۆیان لەسەر ڕێبازی دەوڵەت-نەتەوە و لایەنگریی دەسەڵات بنیاد بنێن،



Untitled-1.indd 50 2026-05-19 4:53:46 PM

ئەوا هەرگیز ناتوانن بە هێڵی ڕاستەقینەی سۆسیالیزم بگەن. کێشەی بزووتنەوە دژەسیستەمەکان، لە ئەورووپا و ئەمریکای لاتین، لێرەوەڕا سەرچاوە دەگرێت.

ڕێبازی ئەوان ئەمەیە: «هەرکەسێک دژی سیستەم بێت، ئەوا دژە سەرمایەدارییە». بەڵام، دژەسەرمایەداریی پێوەری تایبەتی خۆی هەیە. وڵاتانێک هەن کە نوێنەرایەتیی سەرمایەداریی و داگیرکاریی دەکەن، لە هەمان کاتیشدا دوژمنی یەکدین. ئەوانەی پێیان وایە تەنیا ڕێگریی و پێشگریی لە درووستکردنی هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەسە بۆ دەربڕینی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە، خۆیان فریو دەدەن. ئەوان لەوەدا بەهەڵەدا دەچن گەر باوەڕیان وابێت ئەمە پێناسەی ئازادییە. بەڵام کاتێک سەیری ژیانی ئەوان دەکەین، دەبینین ئەوان لە نێو خودی سەرمایەدارییدا دەژێن. ئەوان لە شارەکانی نێو سیستەم و لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمدا، لەگەڵ ناسنامە و بازاڕەکەیدا دەژێن. لێرەشدا هەڵەیەك هەیە، چونکە ئەوان تا پەڕەکەی گوێ لە سیستەمەکە هەڵژەنراون، کەچی هێشتا وەهمی ئازادبوویان هەیە. ئێمە دەزانین هەر ئەمەش کێشەی ڕیاڵ سۆسیالیزم بووە. ئەو کەسانەی پێیان وایە دەکرێت بە ئامڕازە بنەڕەتییەکانی سەرمایەداریی سۆسیالیزم بنیاد بنرێت، ساویلکەن.

پێویستە بگوترێت زۆربەی بزووتنەوە دژەسیستەمەکان، بەرانبەر بە هزرمەنبوونی خۆیان لە نێو ئەم سیستەمەدا چاوکوێرن، هەروەتر بە ئایدۆلۆژیا و پەڕگیریی لەمەڕ دژەسیستەم و داگیرکاریی خۆیان فریو دەدەن. کاتێ ئەم



Untitled-1.indd 51 2026-05-19 4:53:46 PM

بزووتنەوانە هەڵوێست دەگرنە بەر بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە چی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدات، چ هۆکارێکی مێژوویی و کۆمەڵناسی لە گۆڕێن، یان پەیوەندیی نێوان خۆیان و زلهێزە جیهانییەکان چۆنە. ئەوا ئەمە کارەسات و تراژیدیایەکی گەورەیە.

ئەوەی ڕاستیی بێت، پێویستە بیر لە سیستەمی داگیرکاریی جیهانیی بکەنەوە، ئەمەش بە خستنەڕووی یەکە لاوەکییەکان، واتە دەوڵەتانی نەتەوەیی دەبێت. پێویستە ئەو بزووتنەوانە تێبگەن، دژیەکیی نێوان هێزەکان لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ قۆرغکاریی و هەژموونخوازیی سەرچاوەی گرتووە، نەک پرسەکانی یەکسانیی، ئازادیی و دادپەروەریی. ئەو زلهێزانە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ناتوانن دژی یەکدی بوەستنەوە. تەنیا گەل و بزووتنەوە شۆڕشگێڕە سۆشیالیستیەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە دژی ئەو هێزە هەژموونگەرانە هەڵوێستیان هەبێت.

ئینجا، کاتێک سەیری واقیعی ئەمریکای لاتین دەکەین، نکۆڵیی لە تایبەتمەندیی دژەداگیرکاریی بزووتنەوەکانیان ناکەین. ئێمە، هەرگیز هیچ نارەزایەتییەکمان بەرانبەر بە هێڵێکی خەباتی دیموکراسیی ئەوان دژی داگیرکاریی نەبووە. بەڵام پێویستە سەیری ئەوە بکەین کە توانیویانە بەدەستی بهێنن.

دەبێت شیکاری ئەوە بکەین کە ڕیاڵ سۆسیالیزمی ئەمریکای لاتین لە خەباتی دژەداگیرکارییدا چۆن کەوتە داوی دژەئەمریکاگەراییەوە. کاتێک سەیری گوتاری دژەداگیرکاریی و



Untitled-1.indd 52 2026-05-19 4:53:46 PM

دژەسەرمایەداریی ئەوانە دەکەین، دەبێت باسی ئەوانە بکەین وا لە ئەمریکای لاتین خەبات بۆ سۆسیالیزم بەڕێوە دەبەن. پێویستە لەوە تێبگەین کە ئایا ڕێبازی ئایدیۆلۆژیی ئەوان دژی سیستەمێکی جیهانییە یان تەنیا پەیڕەوکردنی هێڵێک لە کارنامەی ناوخۆییە بۆ ئەوەی سیاسەتی ڕاستەقینەیان بگۆڕێت بۆ دژەئەمریکاگەرایی. بە دڵنیاییەوە گوتارەکەیان دژەئەمریکاییە. بەڵام دژەئەمریکاگەرایی بە مانای دژەداگیرکاریی نایەت. ئەمریکا داگیرکارە، بێگومان دەکرێت هەڵوێستێک لە دژی داگیرکاری ئەمریکی پەرە پێ بدرێت. بەڵام دژەداگیرکارییبوون شتێکی دیکەیە. دژەداگیرکارییبوون واتە دژایەتیی نەزمی جیهانی سەرمایەداریی، دژبەریی هەژموونی داگیرکاریی لە جیهاندا، دژوەستانەوەیە بەرانبەر بە ناوەندە وردەهەژموونگەراکانی داگیرکاریی. بەپێی ئەم تێگەیشتنە، بانگەشەی ‹‹من دژی ئەمریکام›› هیچ مانایەک ناگەیەنێت. ئەمە ئەو خاڵەیە وا ئێستا سۆسیالیزمی ئەمریکای لاتین بە دەوریدا دەخولێتەوە. ئەوان دژی ئەمریکان و دەستکەوتی گەورەیان لە خەباتەکەیاندا بەدەست هێناوە، بەڵام هاوکات پەیوەندییان لەگەڵ ئەو وڵاتە وردەهەژموونانەشدا هەیە وا پاشکۆی داگیرکارییەن. ئەمەش دۆخێکی زۆر نەخوازراوی لێ کەوتووەتەوە. هەروەها سەرمایەداریی ئەورووپای ڕۆژئاواش ڕووخسارێکی دیکەی داگیرکارییە. پێویستە شۆڕشگێڕی ئەمریکای لاتین هەڵوێستی دژەئەمریکا بەرەو ئاستێک ببات تا هەموو داگیرکاریی ڕۆژئاوایی لەخۆ بگرێت. بەهۆی ئەم ناهاوسەنگییەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی زۆر گەورە بوونەتەوە. ژیرمەندانە نییە گەر بێژین ئەو داگیرکەرەی هێرش ناکاتە سەرم، باشە.



Untitled-1.indd 53 2026-05-19 4:53:46 PM

داگیرکاریی جۆگەلەی سەرەکییە کە لە ناوەندە جیاوازەکاندا پەنگ دەخواتەوە. بەبێ دژایەتیی هەموویان، نەکردەیە شکست بە یەکێکیان بهێنیت. بەهۆی ئەم ڕێبازەشەوە دژەئەمریکاگەرایی هەرگیز نەیتوانیوە سەرکەوتنێک بۆ ئەمریکای لاتین بەدەست بهێنێت. ناشتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە نەگۆڕاوە بۆ دژەداگیرکاریی. بەمشێوەیە هەرچەندە سەرەتا لە بەرانبەر پورتوگالیەکان و دواتر ئیسپانییەکان دەستکەوتیان بەدەست هێنا، بەڵام نەیانتوانی پەیوەندیی پاشکۆیەتییان بە هەردوو دەوڵەتەکەوە بشکێنن.

شەڕە گەریلاییەکان لە ژێر ناوی سۆسیالیزمدا ئەنجامی خوازراویان بەدەست نەهێنا. بۆچی؟ پێویستە ئەم بابەتە بخەینە ژێر پرسیارەوە. بێگومان هۆکاری سەرەکییش ناتەواویی ڕێبازەکەیە. ئەگەر سەیری نموونە زیندووەکان بکەین، ئەمە ڕوونتر دەبێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بە وردیی سەیری پرسەکە بکات، پێویستە دان بەوەدا بنێت، کە دژەئەمریکاییبوون ئەم ئاکامەی هێناوەتە گۆڕێ. لێرەدا نمونەی وردەهەژموونگەراکانی سیستەمی جیهانی داگیرکاریی دەهێنینەوە. هەر شوێنێک هەژموونی دەوڵەت-نەتەوەیی تێدا بێت، ناوچەیەکی وردەهەژموونی داگیرکاریی پێک دەهێنێت. قۆرغکاریی گۆڕەپانی وردەهەژموونگەرییە. ناتوانین ئەمە لە داگیرکاریی جیا بکەینەوە. هەر مەڵبەندێك کە لە نێو سیستەمی جیهانی سەرمایەدارییدا وەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی ڕێک خراوە، وردەیەکەیەکی داگیرکارییە. جا،



Untitled-1.indd 54 2026-05-19 4:53:47 PM

هەموو دەسەڵات و هێزێکی قۆرغکار و داگیرکار گوزارشت لە وردەیەکی هەژموونی داگیرکار دەکات. لەسەر ئەم بنەمایەش، داگیرکاریی بووەتە سیستەمێکی جیهانیی. ئەگەر سەیری تێگەیشتنی دژەداگیرکاریی ئەمریکای لاتین بکەین، زیاتر هەڵوێستێک دەبینین و بریتییە لە قەبووڵکردنی هەموو هێزەکانی دژیەک و دژ بە ئەمریکا و لە جەنگ لەگەڵ ئەمریکادا وەک دژەداگیرکار، لەبەر ئەم هۆیانەش، هەوڵ دەدات خۆیان پێوە پەیوەست و پەیوەندییدار بکات.

با سەیری نموونەیەکی بەرچاو بکەین: با سەیری واقیعی کوردستان بکەین. کوردستان بە سەر چوار بەشدا دابەش کراوە. ئەم دابەشبوونە لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕووی دا، لە کۆتایی جەنگی یەکەمدا سیستەمێکی جیهانیی هەبوو، کە کوردستانی لە نێوان چوار هێزی داگیرکەردا دابەش کرد. ئەم چوار هێزە داگیرکەرانەی بە سەر کوردستاندا زاڵن، بەردەوام لەلایەن زلهێزە داگیرکەرەکانەوە پشتیوانیی دارایی کراون و دەوڵەت-نەتەوەیان پێشکەش کرا. بەڵام لەنماوەی ئەم قۆناغەدا دژیەکییەکان ڕوون بوون. ئێستا ئەگەر بەم زانیارییەوە سەیری ئەمریکای لاتین بکەین، واقیعەکە ڕوون نییە، چونکە لە ئەمریکای لاتین، ئەو سیستەمە داگیرکارییەی هێزی سەرمایەداریی و داگیرکەر درووستی کردووە، کەڵک لە هاوکارە ناوخۆییەکان وەرناگرێت. هەریەک لە ڕژێمەکان، جا ئێران، سووریا، تورکیا یان ئێراق بێت، کاتێک لە سەر بەرژەوەندییەکانی دژیەکیی لەگەڵ ئەمریکا

هەیە، هەوڵ دەدات وێنەیەکی دژەداگیرکاریی بکێشێت و بەکاری بهێنێت. لەبەر ئەمەشە ئەو کۆمەڵکوژییانەی ئەم ڕژێمانە لە دژی کورد ئەنجامی دەدەن، پشتگوێ دەخرێن. دەبێت ئەم دیدگایە بگۆڕدرێت. سیستەمی دەوڵەت-جیهانیی، سیستەمێکی سەرمایەداریی و داگیرکەر و پاوانخوازە. دژایەتیی نێوان یەکەکانی ئەم سیستەمە هەرگیز ناتوانرێت وەک دژەئیمپریالیزم پێناسە بکرێت. بۆ نموونە حکومەتی ئێستای تورکیا، هەرچەندە حکومەتێکی داگیرکەر، فاشیست و توندڕەوە، بەڵام بەهۆی دژیەکییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، لەلایەن هەندێک لایەنەوە پشتگیریی دەکرێت. بەمشێوەیە ئەم لایەنانە ناکۆکییەکانی تورکیایان لەگەڵ ئەمریکا وەک دژەداگیرکاریی سەیر دەکەن. بەڵام سیما داگیرکارییەکەی، بە تایبەت دژی کورد و دەسکەلایی بۆ داگیرکاریی جیهانیی پشتگوێ دەخرێن. هەر بە ڕاستیی ئەمە چ دژەداگیرکارییەکە؟

تورکیا ناوەندێکی سەرمایەداریی و نەتەوەپەرستییە، هەروەها مەڵبەندی توندڕەویی دەوڵەت-نەتەوەگەراییە. تورکیا هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکایە و یەکێکە لە گەورەترین هێزە سەربازییەکان. کەواتە چۆن دەتوانین وەک دەسەڵاتێکی دژەداگیرکاریی سەیری تورکیا بکەین، تەنیا لەبەر دژیەکییە کاتییەکانی لەگەڵ ئەمریکا؟ ئەم ڕوانگەیە ڕێبازێکی سەرمایەداریی-لیبراڵە و لە نێو سیستەمەدا خۆی پێناسە دەکات.

هەمان شت بۆ پارتە بەعسییەکانیش ڕەوایە، کە سەردەمانێک دڵخوازی حکومەتە شۆڕشگێڕەکانی ئەمریکای



Untitled-1.indd 56 2026-05-19 4:53:47 PM

لاتین بوون. هەمووان دەزانن کە پارتە بەعسییەکان دارڕزیوترین و داگیرکەرترین شێوەی نەتەوەپەرەستیی و دەوڵەت-نەتەوەگەرایی عەرەبن. تەنیا لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بلۆکی سۆڤیێت هەبووە و هەندێک جاریش دژایەتییان لەگەڵ ئەمریکادا هەبووە، جێگەی شەرمەزارییە بەعسییەکان وەک دژەداگیرکەر هەڵدەسەنگێندرێن. ڕژێمە بەعسییەکان بە ڕژێمە دڕندە و چەپەڵەکانیان بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناسراون.

شیکارییەکی هاوشێوە بۆ ئێرانیش درووستە. ئێران ڕژێمێکی توندڕەوە و لە سەر بنەمای مەزهەبێکی ئیسلام دامەزراوە. بنیادی هەنووکەیی ئێران لە نەزمی جیهانی سەرمایەداریی جوێ نییە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ داگیرکەرییدا هەیە. ئەگەر سەیری ساڵانی دوایی ئێران بکەین، ئەمە لە نموونەی ڕاستییدا دەبینین. ئەگەر سەیری ئەو هەڵوێستە بکەین وا حکومەتە چەپەکانی ئەمریکای لاتین بەرانبەر بە ئێران گرتوویانەتە بەر، دەتوانین بە ئاسانیی لەم بابەتە تێبگەین. ئەو پەیوەندییانەی لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونە دامەزراون گوایە ئێران بەهۆی دژایەتییەکانی لەگەڵ ئەمریکا هێزێکی دژەداگیرکارییە، بارودۆخی کێشەداری هاوشێوەی هێزە دژەداگیرکارییەکانی ئەمریکای لاتین نیشان دەدات. سەیری کووبا، ڤەنزوێلا و وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین بکەن کە حکومەتەکانیان لەلایەن چەپەکانەوە بەڕێوە دەبرێت و بەردەوام دژی ئەمریکا خەریکی جموجۆڵن – ئەو حکومەتە چەپانە، تەنیا بەهۆی



Untitled-1.indd 57 2026-05-19 4:53:47 PM

هەڵوێستی دژەئەمریکاییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا ستایشی هێزە وردەهەژموونگەرییەکانی داگیرکاریی دەکەن. ئەمەش وەهمێکی ترسناکە.

من دەخوازم جارێ دیکە دووبارە بڵێمەوە: دژەئەمریکایەتیی بە مانای دژەداگیرکاریی نییە. دژەئەمریکایی بە مانای دژبوونە بە یەک ناوەندی داگیرکاریی. دژەئەمریکایی پاساودانی دەسەڵاتە پاوانخواز و هێزە داگیرکارییەکانی دیکەیە. بەمشێوەیە، پێویستە پارادایمێکی بەهێز و ڕەگداکوتاومان هەبێت بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهان و هەژموونخوازیی داگیرکاریی. ئەگەر ئێمە لە ڕوانگەی پارادایمەکانەوە سەیر بکەین، پێویستە هەڵوێستەکانمان لە لێدوان لەسەر پێشهاتە سیاسییە ڕۆژانەکان زیاتر بێت. ڕوانگەیەکی جیهانیی پێویستە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە بە وردیی شیکاری ئەوە بکەین کە هەر بە ڕاستیی کێ ئامرازێکی هەژموونی داگیرکارییە و کێش دژی دەجەنگێت. بەم شێوەیە کێشەیەکی گەورە لە بزووتنەوە دژە سیستەمەکان و نەریتی قووڵی ڕزگاریخوازیی لە ئەمریکای لاتین هەیە. مرۆڤ دەبێت بەسەر ئەم وەهمەدا زاڵ بێت و بەتاڵی بکاتەوە.

**بەرفین: پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕەقە، لە لەندەن، لە نێوان وەزیری بەرگریی ئەمریکا و بینالی یەڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا کۆبوونەوەیەک کرا. دوای ئەم کۆبوونەوەیە، ڕاگەیاندنێک لەلایەن ئەمریکاوە بڵاو بوویەوە گوایە یەپەگە هەڵبژێردراو نییە، بەڵکوو پێویستییە بۆ**

**ئەمریکا. بە بۆچۆنی تۆ، ئەمە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی دەوڵەتی تورکیا بوو یاخود پوختەیەکی سەرنجکێشی سیاسەتەکانی ئەمریکا بە گشتیی و هێزە داگیرکەرەکان و پاوانخوازەکانە بە تایبەت؟**

**ئاڵتوون:** ئەوەی ڕاست بێت، ڕاگەیاندنەکەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا پێش ئۆپەراسیۆنی ڕەقە زۆر گرنگە. ئەمەیە کە من هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ڕوونکردنەوەیم داوە. بە درووستیی تەنیا یەک ڕستەی لێدوانەکەی زۆر ڕۆشنکەرەوەیە، ئەمیش ئەمریکا ناتوانێت هەڵبژێرێت، بەڵکوو تەنیا پێویستییەکی هەیە. هیچ دەسەڵاتێک لە سووریا نەماوە کە ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانیی لەگەڵ نەدابێت، ڕیزکردنی ئەم هێزانەی ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانێتیی لەگەڵ داون، سنووری ئەم چاوپێکەوتنە تێدەپەڕێنێت، بۆیە هیچ جۆرە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نادەم.

ئینجا ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانیی لەگەڵ کێ نەداوە؟ ئەمریکا هەوڵی داوە هاوپەیمانیی لەگەڵ سعوودییەکان و تورکیا و هەموو ئەو کۆمەڵە سەلەفییانە ببەستێت. هەوڵی دا لەگەڵ سوپای ئازادی سووریا و زۆر هێزی دیکەی هاوشێوە هاوپەیمانیی ببەستێت. کەواتە هیچ هێزێک نەماوە هەوڵی هاوپەیمانی لەگەڵ نەدابێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمریکا نەیتوانی ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنێت وا دەیویست لەگەڵ هەر کام لەو ‹هاوپەیمانانە› بەدەستی بهێنێت. بۆیە، وەبەرهێنانێکی زۆری لە هاوپەیمانیی تورکیا، سعوودییە و قەتەردا کرد، بەڵام



Untitled-1.indd 59 2026-05-19 4:53:47 PM

له کۆتاییدا لەگەڵ هەموویان تووشی ناکۆکیی بوو. هیچ هێزێکی سەلەفیی نییە ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانیی لەگەڵ نەدابێت، لە نێویاندا نوسره و داعش. هەموویان شکستیان هێنا له بەدەیهێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا. بەم شێوەیە، پەیەدە، یەپەگە، یان وردتر بڵێین، لە هیچ هەلومەرجێکدا پشتیوانی بزووتنەوەی کورد نەدەکرا و تەنانەت دانیش به هەبوونی بزووتنەوەیەکی کوردییدا نەدەنرا.

خەبات بۆ ئازادیی کوردان، کرایه قوربانیی داگیرکاریی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی عەرەبستانی سعوودییە. دۆخی ڕژیمی سووریا چاودێریی دەکرا و ڕوانگەی پەیوەندییە درێژخایەنەکانی دەوڵەتەکەوە هەڵدەسەنگێندرا و دواجار ڕژێمەکەش کرایه قوربانیی. پێیان وابوو به هەبوونی جۆرێک لە جڵەو بە سەر هێزە سەلەفییەکاندا، دەتوانن ئەنجام بەدەست بهێنن. بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون. وەبەرهێنانیان لەو هێزە سەلەفییانە وەرگەڕایە سەر کارەساتێکی ناوخۆیی. ئەو وەبەرهێنانانەی لەلایەن سعوودییە و تورکیاوە وەگەڕ خرابوو، بە ئاستێ گەیشت کە خزمەت بە دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی ئایینیی و سەلەفیی توندڕەوتر دەکرد. لە کۆتاییدا ئەمریکا گەیشتووەتە ئاستێک درکی بەوە کردووە، سیاسەتە داڕێژراوەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە شکستی هێناوە. بە دەربڕینێکی دیکە، تەنانەت تورکیا، کە چل بۆ پەنجا ساڵە هاوپەیمانێکی ستراتیژییان بوو، ناتۆ و هێڵی ڕۆژئاوای بەجێ هێشتووە و بە بەکارهێنانی داعش و ئەلنوسرە گواستویەتەوە



Untitled-1.indd 60 2026-05-19 4:53:47 PM

بۆ سەر هێڵی نیوعوسمانیی و سەلەفیی. هەنووکە هەموو ئەمانە ئەمریکای خستووەتە ژێر فشارەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا وەبەرهێنانی لە هێڵی نەتەوەپەرەستیی لە ناو کوردیشدا کرد. لە باشووری کوردستان، یارمەتیی و هاریکارییەکی بێسنووریان پێشکەش بە هێڵی پارتی دیموکراتی کوردستان (پەدەکە)، کە نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، کرد. بەڵام، ئەو پشتیوانییەی پێشکەشی هێڵی پەدەکەیان کرد، هەمان کێشە و دەرئەنجامی لایەنەکانی دیکەی لێ کەوتەوە. لە کاتێکدا هێڵی پەدەکە، ئەو لایەنەی هێنایە نێو هاوپەیمانییەکی نهێنیی لەگەڵ داعش، بەڵام بەهۆی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی پەدەکە لەگەڵ تورکیا، بە کردەوە ئەو وەبەرهێنانانەی ئەمریکای بەفیڕۆ دا. ئەمریکاییەکان نە لە باشووری کوردستان و نە لە ڕۆژاڤا ئامادە بوون. لە ئەنجامدا، وردەوردە بناغەکانی سیاسەتی ئەمریکا هەڵدەوەشایەوە. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ئاژاوە، ئەمریکا هیچ بژاردەیەکی نەبوو جگە لەوەی پشت بە هێزێک ببەستێت کە لە هەلومەرجێکی ئاساییدا خۆی لێ بەدوور دەگرتن: بزووتنەوەی ئازادیی کورد. ئێراق کەوتە دەستی ئێران. پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەستی تورکیادایە. نوسرە و داعش و ئەحرار شام و هتد... هەموو ئەم هێزانە لەلایەن سعوودییە و تورکەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. جگە لەوەش، هیچ ڕێگەیەک نەبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ببەسترێت، چونکە ئەو هێزانە



Untitled-1.indd 61 2026-05-19 4:53:47 PM

تاوانی گەورە دژیمرۆڤایەتیی ئەنجام دەدەن. ڕژیمی سووریا لە پێگەیەکی ئومێدبەخشدا نەبوو. ئەمریکا هەموو ئەم وەبەرهێنانانەی وەگەڕ خستبوو، دواجار ڕووداوەکان دەریان خست کە مایەپوچ بوون. هیچ هێزێک نەما، تا ئەمریکا لە ناوچەکەدا بتوانێت سیاسەتی خۆی لەسەر بنیاد بنێت.

لەم ساتەوەختەدا، بەرخۆدانی کوردان، بە تایبەت لە جزیرێ و کۆبانێ، دۆخێکی نوێی خوڵقاند. بۆیە ئەمریکا ناچار بوو هاوپەیمانیی ئەو هێزانە بکات وا نەیدەخواستن، ئەو هێزانەی تەنانەت ئەمریکا هەوڵی دابوو بە یارمەتیدانی تورکیا و سعوودییە لەناویان بەرن، کەس نایەوێت ئەمە ببینێت. کەواتە ئایا یەپەگە یان پەیەدە لە ئەمریکییەکان پاڕاونەتەوە و بێژن، «دەمانکوژن، وەرن ڕزگارمان بکەن، ئێمەش بە هەموو ڕەهەندەکانی بزووتنەوەکەمانەوە ئامادەین بێینە ژێرفەرمانتان؟» ئایا شتێکی وایان گوتووە؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، هەرچەندە قسە و باسێکی لەو شێوەیە نەبوو، بەڵام زۆر گرنگ بوو ئەمریکا پەیوەندییەکی تاکتیکیی لەگەڵ ئەم هێزانە ببەستێت. ئەوەی ڕاست بێت، ئەمریکا ناچار بوو ئەو کارە بکات، نەوەک بزووتنەوەی ئازادیی و ڕزگاریخوازی کورد.

ئەمریکا لە دۆخێکی وەهادا هیچ بژاردەیەکی دیکەی لە بەردەستدا نەبوو. جگە لەوەش، ئەمریکا خواستی بەشداریی شەڕێکی سەرکەوتوو دژ بە داعش بکات. لە کاتێکدا ئەم پەیوەندییە شکۆیەکی گرنگ و بەهێزبوونی پێگەی بۆ ئەمریکا هێنایە ئاراوە، یەپەگەش هەندێک پشتیوانی ماددیی بۆ



Untitled-1.indd 62 2026-05-19 4:53:47 PM

خەباتی ئازادیخوازانەیان دەست کەوت. ئەمریکا، لە شەڕی دژی داعش لە کۆبانێ، لە نێو هەردوو ڕای گشتیی جیهانیی و ناوخۆیی ئەمریکادا شکۆمەندی بەدەست هێنا. پەیوەندیی تاکتیکی لەگەڵ ئەم هێزە برەوی هەبوو، دواتر ناوچەی نوێی لەبەردەمدا والابوو. هەنووکە، ڕۆژهەڵاتی فورات، ئەو گۆڕەپانەیە کە خەباتی ئازادیی زۆر شتی لێ بەدەست هێناوە. ئەمریکا لە ڕێگەی ئەم هاوپەیمانییە تاکتیکییەوە ڕەوایەتیی بە هەبوونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات و دەرفەتێکی نوێی بۆ دەستڕاگەیشتن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەخساندووە. بەڵام پێویستە بە درووستیی لە شتێک تێبگەین.

ئامادەیی ئەمریکا لە سووریا تەنیا پەیوەندیی بە سووریاوە نییە. ئەمریکا بۆ قۆرغکاری باکووری سووریا و دەستکەوتی ماددیی گەورە لەوێ نییە. لە سووریایەکی وێراندا، بۆ هەر لایەنێك، سەختە هیچ دەستکەوتێکی هەبێت. ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا ئەوەیە کە وەک هێزێکی هەژموونگەر جیهانیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادە بێت و کاریگەریی لەسەر پێشهاتەکانی ڕۆژهەڵات هەبێت. ئەمەش بێگومان بە ئامادەیی مەیدانیی بەدەست دێت، لەو ڕووەوە ئەم پەیوەندییە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە. ڕاستە ئەمریکا بە ئاسانیی هەژموونی هێڵی سۆسیالیستیی لە باکووری سووریا هەرس ناکات، هەروەها دەشزانرێت ململانێیەکی زۆر بەهێز لە نێوان لایەنەکان و پەیوەندییەکەدا هەیە.

ئەمریکا سیاسەتێک پەیڕەو دەکات کە هێڵێکی

نەتەوەپەرەستتر لە نێو کورددا زاڵ بێت. بۆیە، دەخوازن هێڵی ئازادیی لە ڕۆژاڤا لاواز بکەن، ئەوەی ڕاستیی بێت، هەر لەبەر ئەممەشە پابەندن بە سیاسەتی هێڵێکی دارزیو و گەندەڵی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەردەوام شکستی خواردووە و پەرە بە بیرۆکەی دەوڵەتگەرایی-نەتەوەیی و نەتەوەپەرەستیی دەدات. بەشێک لەم ستراتیژە، بەکارهێنانی تورکیایە وەک هێزێك دژی کوردانی ڕۆژاڤا. لە کاتێکدا ئەمریکا پشتیوانیی تورکیا لە شەڕی دژی پەکەکە دەکات، هەوڵی لاوازکردنی هێڵی-ئۆجالان دەدەن لە ڕۆژاڤا. بۆیە دەڵێن: «بەبێ دوورکەوتنەوە لە هێڵی پەکەکە، خۆشگوزەران و ئاسوودە نابن». ئەمەش سیاسەتی وەرگەڕاندنی شۆڕشی ڕۆژاڤایە لە هێڵی سۆسیالیستیی و ئاوێتەکردنی بە سیستەمی جیهانی لیبراڵ. لە ئێستادا ئەم پەیوەندییە تا ئاستێک کار دەکات و تا دەتوانێت دەڕوات. بەڵام هەمیشە پێشهاتە سیاسییە نوێیەکان دەتوانن بارودۆخی نوێ دەربخەن، ئەمەش دۆخێک نییە کە ئەمریکا زۆر حەزی لێ بێت، بۆ هێزەکانی باکووری سووریاش هەمان شت درووستە. بەم پێیە، بۆ هەردوولا پێویستییەک لە گۆڕێیە، ئەمریکا بەهۆی سیاسەتی هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناچارە بچێتە نێو ئەم دۆخەوە.

بەڵام کێشەکە تەنیا پەیوەندیی بە سیاسەتەوە نییە؛ نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی ناتوانن بەو ڕێباز و سیاسەتە کۆنەی پێشووتر، پێشەنگایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن. جیهانێکی نوێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لەدایک دەبێت.

پێداگریی لەسەر ڕێبازە کۆنەکان، هیچ نییە جگە لە مەلە بە ئاڕاستەی شەپۆلی زەریای مێژوو. بەڵام ئەمریکاییەکان هەرچەندە هێزێکی گونجاوتر و نەرمترن، بەڵام ناتوانن گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیاسەتدا بکەن. بۆیە هەوڵ دەدەن هاوپەیمانەکانیان، وەک تورکیا و سعوودییە بیر لە بارودۆخی خۆیان بکەنەوە. ئەمریکا بە هاوپەیمانەکانی دەڵێت: «لە کاتێکدا من لە ناو پەیوەندییە تاکتیکییەکەمدام، دەمخەنە ژێر فشارەوە، پشوودرێژ بن». بەڵام شتەکان بەو شێوەیەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بەڕێوە ناچن. پرسی ئەمریکا ئەمڕۆ چەندە تاکتیکی بێت، ئەگەر ئەم پەیوەندییە تاکتیکییە بپچڕێت، هیچ هێزێکی شوێنگرەوە لە ناوچەکەدا بۆ ئەمریکا نییە تا بەرگە بگرێت و بەرپرسیارێتیی پەیوەندییەکی لەم شێوەیە هەڵبگرێت. کەواتە پێ دەچێت زۆر سەخت بێت ئەم پەیوەندییە تاکتیکییە لە ماوەیەکی کورتدا وەرگەڕێتە سەر ململانێ، بەو پێیەی بچووکترین هێز لە ناوچەکەدا نییە کە لە ئاستی ناوخۆییدا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت.

هەم سیاسەتی هێزە ناوچەییەکان و هەمیش ڕێبازەکانی تورکیا پێویستی ئەم پەیوەندییەیان ئافراندووە. هیچ لایەنێك حەزی بەم دۆخە هەنووکەییەی ڕۆژهەڵات نییە، پێویستییەکە و سەری هەڵداوە. بەڵام پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ سەرهەڵدانی ئەم پێویستییەش بکرێت.

ئەوانەی سیاسەتە شکستخواردووەکانی داگیرکاریی ئەمریکایان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیاندووەتە ئاستی



Untitled-1.indd 65 2026-05-19 4:53:47 PM

دارمان، هاوپەیمانە ناوخۆییەکان و هاوکار و سیاسەتەکانیانن، هەروەتر سیاسەتەکانی ئەمریکا خۆیشی. سیاسەتەکانی ئەم هێزانە ناوچەکەیان خستووەتە نێو گێژێکی پڕ لە ئاژاوە و خۆشیان ناچارن بە هەڵوەشادنەوە و لەناوچوون. بەمشێوەیە، ئەمریکا دوو بژاردەی هەبوو، هاوشێوەی ڤێتنام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکشێنەوە، یان بە ناچاریی بچنە ناو پەیوەندییەکی چاوەڕواننەکراو؛ بۆ هەژمووخوازی جیهانییش، کشانەوە بە مانای خۆبەدەستەوەدان دەبوو.

بەو پێیەی خۆیان ڕادەست نەکرد، ناچار بوون پەیوەندییەکی چاوەڕواننەکراو ببەستن. بەڵام دۆخێکی تا ئاستێك هاوشێوە بۆ پەیەدەش هەیە. ئەگەر ئەو خەباتی ئازادییەی هەر بە ڕاستیی لەلایەن کوردەوە پەرەی پێ دراوە، بە شێوەیەکی درووست لەلایەن دژەجیهانخوازەکان و هێزە دژە داگیرکارییەکانەوە هەستی پێ کرابایە و بەو هۆیەوە هەمووان لەم خاڵەدا زیاتر گرنگییان پێ دابایە، ئەوا هێڵی ئازادیی زۆر بێگەردتر دەبوو، زۆر زیاتر بەرچاو دەبوو و دەکرا دەهێندەی ئەمڕۆ باڵادەستتر بێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دنیا، هەمووان ڕێبازێکی زۆر دڵەڕاوکێ و گوماناوییان هەبوو و پێیان باشتر بوو لاتەریك بن نەک خۆیان بخەنە مەترسییەوە، چونکە بڕیاریان دا مانای سیاسیی و ئایدیۆلۆژییکردنەوەی پانتایی ئازادیی لە ڕۆژاڤا نەبینن، شۆڕشگێڕانی کوردی سەر گۆڕەپانی جەنگ، بۆ بەردەوامیی و مانەوەیان لە نێو دۆزەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەرەوە پێویستیی



Untitled-1.indd 66 2026-05-19 4:53:47 PM

هاوپەیمانیی تاکتیکیی نەخوازراو ناچار کران. ئەمەش لە چی دەچێت؟ ئەمەش وەک ئەو ڕێککەوتنە وایە وا لینین لەگەڵ سەرمایەداران بۆ ڕزگارکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە یەکێتیی سۆڤێت کردوویەتی. ئەم دۆخە هاوشێوەی شەڕی ستالین دژی فاشیزمە، هەرچەندە هیچ خواستێکی بەرەنگاربوونەوەی بەرەی داگیرکاریی نەبوو.

**بەرفین: بەڕێزتان گوتتان ئەمریکا گەیشتبووە ئاستی داڕمان. ئایا دەتوانین بڵێین ئەمریکا بە پشتبەستن بە دەرئەنجامەکانی بەرخۆدانی کۆبانێ هەوڵی جێگربوونەوە و هەبوونیان لە ناوچەکەدا داوە؟ ئایا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمریکایەکی داڕماو دەرفەتی دووبارە هاتنە نێو مەیدانەکەی لەگەڵ بەرخۆدان پێ دراوە؟**

ئاڵتوون: بە دڵنیاییەوە، ڕێبازی سیاسیی درووست پشتیوانی سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستییە نەک ڕێبازی کۆنەپەرستانە و کۆنەپارێزانە. بیر دەکەمەوە داخۆ لە بارێکی لەو جۆرەدا دەبوو شیاو بووایە بڵێین، «با ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بمرێت، با پێکەوە بمرین.» باشە، ئەگەر پێمان وابێت ئەگەر پێکەوە لەگەڵ هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پێکەوە مردباین، بێگومان بزووتنەوەی سۆسیالیستیی قازانجێکی زۆری نەدەکرد، هەنووکە بەهۆی پێشهاتەکانەوە هاوکێشەیەک هاتووەتە ئاراوە، نابێت بە هەڵە شرۆڤەی بۆ بکرێت.



Untitled-1.indd 67 2026-05-19 4:53:47 PM

ئەمریکا گەیشتووەتە خاڵی مایەپووچیی سیاسیی، بەڵام پێویستە مەرگی ئەوانەشمان لەبەرچاو بگرین وا بۆ ئازادیی خەباتیان کردووە. کێ فەرمانی کوشتن دەدات؟ هەمووان جگە لە کورد، کە لەناوچەکەدا بەرەنگارییان کردووە. درووستە، هێزە ئازادییەکانی ناوچەکە بە توانستە سنووردارەکانیانەوە دژی هەمووان دەوەستانەوە، کەواتە دوو بژاردە هەیە: یان بەرخۆدانی تەواو پەرە پێ دەدەم و لەناو دەچم، بەو شێوەیە دەچمە نێو کتێبەکانی مێژوو، یاخود دەتوانم سیاسەت و هاوپەیمانیی تاکتیکیی پەیڕەو بکەم و بە سەرکەوتنەوە بێمە دەرێ.

داعش خەریکی هێرشی ستراتیژیی بوو بۆ سەر کورد. ئینجا با تەنیا سەیرێکی لۆژیکی هێرشەکانی داعش بکەین، لە کاتێکدا داعش لە پێگە و دۆخێکی هێندە کاریگەردا بوو کە هیچ لایەنێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانی ڕێگرییان لێ بکات لە شەوێکدا ٦٠٪ـی خاکی ئێراق داگیر بکات، کە هێزی ڕووخاندنی ڕژێمی ئێراق و سووریای هەبوو، ئەوا دەبێت بپرسین؛ بۆچی داعش هەڵمەتەکەی تەواو نەکرد؟ بۆچی ستراتیژییانە هێرشەکانیان کردە سەر کوردستان، بە تایبەت جزیرێ و کۆبانێ؟ ئەگەر دەوڵەتی سووریا، یان دەوڵەتی ئێراقیان کردبایە ئامانج، لە شەوێکدا هەردوو دەوڵەتەکەیان لەناو دەبرد. ئێمە باسی هەمان ئەو هێزە دەکەین وا لە یەک شەودا ڕەقەی کردە پایتەخت و موسڵی پارێزراو بە سەدان هەزار سەربازی ئێراقی، داگیر کرد. ترس و تۆقینێکی بڵاو کردەوە و هەرکەسێک ناوی داعشی دەبیست، هەڵدەهات.



Untitled-1.indd 68 2026-05-19 4:53:47 PM

ئەم ئاڕاستەگۆڕکێیەی هێرشەکانی داعش، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەم پێشهاتانە تەنیا بە کاریگەریی داعشەوە پەیوەست نەبوون. ئەو وڵاتانەی کەنداویش کە ناوی داعشیان بیست، تەنانەت ئوردنیش، ئامادەی هەڵاتن بوون، بەڵام داعش ئەوەی نەکرد، هێرشەکانی ئاڕاستەی کورد کرد، بە تایبەت کوردانی ڕۆژاوا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی داعش دەورگێڕێکی سەربەخۆی سەلەفیی نییە، ئەوە نیشان دەدات کە لە پێوەندیی لەگەڵ هێزە هەژموونگەرەکانی جیهان و ناوچەکەدا مامەڵەی کردووە، بەپێی پەیوەندییە ستراتیژیی و تاکتیکییەکانی هێزە هەژموونگەرەکان جووڵاوەتەوە.

زۆر گرنگە شرۆڤەی ئەوە بکەین کە بۆچی ڕێک هەر ئەو کاتەی داعش لە سەرکەوتنی تەواوەتیی نزیک بوو، هەموو هێزە کۆنەپەرەستەکانی جیهان و ناوچەکە داعشیان بەردایە کورد. لە بەرانبەر هێرشێکی وەها دڕندانەی داعشدا، دوو شوێن زۆر گرنگن: سەرەتا شەنگال و پاشان کۆبانێ. هەردووکیان ئەو شوێنەن کە دەبوو کورد و هێڵی ئازادیی لێ لەناو ببرێت. هێزە کۆنەپەرەستەکانی ناوچەکە فەتوایان دژی بزووتنەوەی ئازادیی و کورد دەرکردبوو.

هەرکاتێك پەکەکە لەناو برا، هەم هێڵی ئازادیی سۆسیالیستیی لەناو دەچێت، هەم کورد. بەمشێوەیە بەربەریترین شێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ڕەوشەدا سەری هەڵدا، پێشڕەویی کۆنەپەرەستترین هێزیی ئایدیۆلۆژیی جیهانیی دژی کورد لە شەنگال و لە کۆبانێ کرد. بەڵام هەردوو شوێنەکە بوونە سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی ئازادیی و کورد.


Untitled-1.indd 69 2026-05-19 4:53:48 PM

کورد ئەگەر بیەوێت بوونی خۆی بپارێزێت، ئەوا گەرەکە بەرەنگاریی ئەو هێزە ببێتەوە؛ ئەگەر هێڵی سۆسیالیزم سەرکەوێت، ئەوا دەبێت بەرەنگاریی ئەو هێزە ببێتەوە. بۆ ئەوەش پەکەکە و یەپەگە/یەپەژە، بە هەموو ئامرازێکی پێویست بەرگریان لە شوێنەکە کرد. ئەمە خەباتێک بوو بۆ بوون و ئازادیی؛ یان سەردەکەوتین، یان یەکجاری لەناو دەچووین. دەستکەوتەکانی ئەو خەباتەی لە هەردوو شوێنەکەدا ئەنجام درا، بوونە هۆی ئەوەی ناسنامەی کورد ببێتە بزوێنەری بنچینەیی لە ڕەوشی جیهاندا.

ئایا دەتوانیت ناوی هێزێکی یەکگرتوو و سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرانسەری جیهان لە خەبات دژی داعش بهێنیت؟ دەتوانی بڵێیت «ئێراق بەم شێوەیە سەرکەوتوو بوو، ئێران بەو شێوەیە، سووریا، ئەمریکا...؟» بە دڵنیاییەوە نەخێر. هیچ کامیان جگە لە بانگەشەی بەشێک لە سەرکەوتنی خەبات و بەرخۆدان لەسەر گۆڕەپانی جەنگ دژی داعش، کە خۆراکی لێ وەرگرتن، هیچ بەشداریی و مافێکیان نییە.

لەم بوارەدا، تەنیا یەک هێڵ هەیە دەتوانین بڵێین داعشی تێک شکاندووە، ئەویش هێڵی پەکەکە- ڕێبەرایەتیی و شێوەکانی هێڵی پەکەکەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تەنیا ئەوان شەڕێکی زۆر بنەڕەتییان دژی داعش کرد، بە ڕاستیی بەرخۆدانیان کرد و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بزانە لە کۆبانێ چی ڕووی دا؟ کورد بە فەرمیی داعشی لە کۆبانێ تێک شکاند. لە کۆبانێ پچڕانێک لە نێو داعش ڕووی دا و تێک



Untitled-1.indd 70 2026-05-19 4:53:48 PM

شکێندرا. داعش هەموو هێز و دەسەڵاتی خۆی لە کۆبانێ کۆ کردەوە. داعش یان کۆبانێی داگیر دەکرد و کورد و ئازادیی بەتەواوی ڕادەماڵی، یاخود شکستی دەهێنا و کۆتایی پێ دەهات. دواجار براوەکانی کۆبانێ بوونە هێزێکی کاریگەری گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

دوای سەرکەوتنی کۆبانێ کەس نەیتوانی چرکەژمێری پاشەکشەی کۆتایی داعش بووەستێنێت. دوای مانگێك لە شکستی لە کۆبانێ، لە گرێسپیی، دە ڕۆژ دواتر لە چیای قەزوان(چیای عەبدولعەزیز ناوە عەرەبێنراوەکەیەتی.) تووشی شکست هات. پاشان زنجیرەیەک سەرکەوتنی ژی داعش لە حەسەکە، عەین ئەلعیسا و دواجار تا ڕەقە و دێرەزور بەدوای یەکدا هاتن. بۆ ئێراقیش بە هەمان شێوە. پێویستە مرۆڤ بە بانگەشە و پڕوپاگەندەی زلهێزە شانازیکەرەکانی داگیرکاریی جیهانی فریو نەخوات. کاتێک داعش هاتە ئێراق، ئەم وڵات و دەوڵەتە، بە سامان و سەرچاوە دەوڵەمەندەکانییەوە نەیتوانی یەک کاتژمێر بەرانبەر داعش بەرەنگاریی بکات. داعش لە سنووری سووریاوە هاتە نێو خاکی ئێراق و بە یەکجار ڕێك شاری موسڵی گرت.

داعش لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە موسڵەوە تا سنووری ئێران هێرشی برد و گەیشتە دەروازەکانی شاری بەغداد. لە لایەکی دیکەوە تاوەکوو سنووری ئوردن درێژ بووەوە. بە گشتیی تەواوی ماوەی ئەم داگیرکارییە، سێ بۆ پێنج ڕۆژی خایاند. هیچ هێز و دەسەڵاتێک نەیدەتوانی پێشگیریی لە داعش بکات. نە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی ئەمریکا، نە هێزە



Untitled-1.indd 71 2026-05-19 4:53:48 PM

هەژموونخوازەکانی ناوچەکە و نە ئێران توانیان بەرانبەر داعش بووەستن. ئێران، تەنانەت بە پاڵپشتیی هێزەکانی حزبوڵڵا و هێزەکانی قودسیشەوە نەیتوانی داعش ڕابگرێت.

داعش لە شەنگال ڕاگیرا، لە کۆبانێش تێک شکێندرا. داعش، لە شەنگال کۆمەڵکوژییەکی گەورەی دژی گەلی ئێزدیی ئەنجام دا. حزبە نەتەوەپەرەستە کوردییەکان، هەر لە سەرەتای کۆمەڵکوژییەوە لە پێوەندییدا بوون لەگەڵ داعش، خەڵکی ناوچەکەیان چەک کرد و هەڵهاتن. گەلی ئێمە بە تەنیا لەبەردەم ئەو کۆمەڵکوژییەدا مایەوە. تا گەریلاکانی پەکەکە لە چیاکانەوە و هێزەکانی یەپەگە/یەپەژە لە ڕۆژاڤاوە گەیشتنە شەنگال، دەیان هەزار کەس کۆکوژ و سەربڕدرابوون. بەڵام کاتێک ئەو هێزانە گەیشتنە شەنگال، کۆمەڵکوژییەکان ڕاگیران. دوای ڕاگرتنی کۆمەڵکوژییەکە، هێزەکانی داعش بەردەوام بەرەو دواوە ڕاوەدوو دەنران. ئەگەر ئەو ناوچانەمان لەدەست بدایە، ئێستا کورد نەمابوو. هەنووکە، ئێمە نەماندەتوانی بە ناوی کوردەوە قسە بکەین و کورد لەناو چووبوو. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سیستەمە سیاسییە جیهانییەیە وا پاش جەنگی جیهانیی یەکەم پەرەی سەندووە و کوردی وەک نێچیرێکی باش سەیر کردووە.

دیسانەوە، ڕێبازە نەتەوە–دەوڵەتگەرا، نەتەوەپەرەستیی و ئایینییەکانی ناوچەکە، بە تایبەتمەندیی مرۆڤکوژیی خۆیانەوە سەردەکەوتن، بەڵام کورد نەیهێشت ڕوو بدات. کوردان لەسەر بنەمای ناسنامەی نەژادیی و کەلتووریی،



Untitled-1.indd 72 2026-05-19 4:53:48 PM

یەکیان گرت و لە شەنگال و کۆبانێ شانەوشانی یەکدی دژی داعش جەنگان. جارێکی دیکە هێزە باڵادەستەکان دەیانخواست هێڵی سۆسیالیستیی و ئازادیخوازیی چل ساڵەی بزووتنەوەی پەکەکە لەناو ببەن. بەڵام ئەوەی ڕاست بێت، هەنووکە کوردبوون، هێڵی دیموکراسیی، ئازادیخوازیی و سۆسیالیستیی بە شێوەی پێکهاتەی ئەندامی سرووشتیی ئاوێتەی یەکدی بوون. ئەمەش ئەو هێڵەیە وا سەرکەوتن بۆ کوردبوون دەهێنێت – نەک نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی. دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕیاڵ سۆسیالیزم، ئەوە خەباتی کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکانی دیکەی ناوچەکەیە لە خەباتی ڕۆژاڤادا نوێنەرایەتیی دەکەن، ئەمە بەها و ناوبانگێکی نوێ بە ناسنامە و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیی دەبەخشێت.

ئەگەر کۆبانێ کەوتبا، ئەگەر کۆمەڵکوژیی شەنگال ڕانەگیرابایە، هیچ شتێک، واتە هیچ شتێک بۆ ئەم هێڵە ئازادییە نەدەمایەوە. کورد یان دەبوو ببین بە مەشخەڵێک و بەڵێنی ئازادیی بە جیهان بدەین، یاخود لەناو بچین. بۆیە دەبێت بزانین، تێچووی ئەم دۆخە و ئەمەی نوێنەرایەتیی دەکات، بەهاکەی زۆر بووە. لە هەردوو مەیدانەکە سەرکەوتن بەدەست هات. جا ئەم دەستکەوتە زەمینەی بۆ ئازادیی و ناسنامەی نەژادیی- کەلتووریی کورد خۆش کرد. کاتێك ئەمڕۆ لە داڕشتنی سیاسەتدا ڕاوێژ بە کورد دەکرێت، ئەوا بەهۆی بەرخۆدان و سەرکەوتنەکانی شەنگال و کۆبانێیە. هەر هێڵێکی کوردیی نکۆڵیی لەو دوو شوێنە بکات، ئەوا سەرکەوتن بە



Untitled-1.indd 73 2026-05-19 4:53:48 PM

خۆیەوە نابینێت. ئەوانەی دەیانەوێت کوردبوون بەکار بهێنن و نکۆڵیی لە گرنگیی ئەو دوو شوێنە بکەن، هاوکات وەک هەلپەرست هەڵدەوەشێنەوە و تووشی شکست دێن. بەڵام ئەوانەی درک بە قووڵایی و فەزیلەتیی هێڵی ئەم دوو سەرکەوتنە دەکەن، سەردەکەون و پارێزراو دەبن.



Untitled-1.indd 74 2026-05-19 4:53:48 PM

# بەشی سێیەم:

## ڕەخنە لە سۆسیالیزمی کلاسیک و پارادایمی نوێ

» گۆڕانی پارادایم و دەستبەردارنەبوون لە سۆسیالیزم.

» مانای نوێی چەمکەکان: دیموکراسیی، ئیکۆلۆژیی و ئازادیی ژن.

Untitled-1.indd 75 2026-05-19 4:53:48 PM

Untitled-1.indd 76 2026-05-19 4:53:48 PM

**بەرفین: دوای ئەوەی ڕێبەری کورد، عەبدوڵا ئۆجالان لە ساڵی ١٩٩٩ دەستگیر کرا، گۆڕانی پارادایم لە پەکەکەدا ڕووی دا. ئایا ئەمە کاریگەریی لە سەر ئەو پەیوەندییانە هەیە وا ئێوە لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا پەرەتان پێ داوە؟ ئەگەر پارادایمەکە نەگۆڕابا، ئایا هێشتا دەکرا پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا پەرە پێ بدەیت؟ کۆمەڵەی زۆر پێیان وایە پەکەکە دەستبەرداری خەباتی سۆسیالیستیی بووە. داخۆ گۆڕینی پارادایم بە مانای دەستبەرداربوونە لە خەباتی سۆسیالیستیی؟**

**ئاڵتوون:** هەر لە سەرەتاوە پەکەکە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستیی بوو. بەڵام کاتێک سەیری ئەو سەردەمە و هەلومەرجی مێژوویی دەکەیت، ئاشکرایە پەکەکە لەژێر کاریگەرییەکی چڕی ڕیاڵ یسۆسیالیزمدا بووە. هەروەها کاریگەریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان، بە تایبەت خەباتەکانی ڤێتنام، شەڕی گەریلایی ئەمریکای لاتین، شۆڕشی چین و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەفریقاش لە سەر پەکەکە هەبوون. بۆیە بنەچەی پەکەکە هەم سۆسیالیستیی و هەم ڕزگاریخوازیی نەتەوەییە. بەڵام کاتێک سەیری بارودۆخی جیهان و هەژموونی ئایدیۆلۆژیی ئەو سەردەمە دەکەیت، ئەوا دەبینیت پەکەکە لەژێر کاریگەریی ڕیاڵ سۆسیالیزمدا درووست بووە، جا پەکەکە بەم تایبەتمەندییانە خەباتێکی درێژخایەنی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی بەرپا کردووە.

بەڵام دوای ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و ئاوێتەبوونی ئەو دەوڵەتانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان



Untitled-1.indd 77 2026-05-19 4:53:48 PM

به سیستەمی سەرمایەداریی درووستیان کردبوو، ناچار بووین ئەم دۆخە بخەینە ژێر پرسیارەوە. پەکەکە، هەم ڕیاڵ سۆسیالیزم و هەم ڕزگاری نەتەوەیی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر بە وردیی سەیر بکەین، دارِمانی ڕیاڵ سۆسیالیزم و ئاوێتەبوونی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی، لەگەڵ دارِمانی بزووتنەوە ئازادیخوازە جۆراوجۆرەکان هاتە ئاراوە، ئەمەش شکستێکی تەواوەتیی بوو. هاوکات لێکەوتەکانی ئەم پێڤاژۆیە کاریگەریی لە سەر پەکەکە هەبوو، جا لەم پێڤاژۆیەدا پەکەکە بە پێچەوانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە سۆسیالیستیی و نەتەوەییەکانی دیکەی جیهان، ڕووبەڕووی هێرشێک بووەوە. سیستەمی داگیرکاریی، وەک یەکەم هەنگاوی دەستێوەردانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەکەکەی بە ئامانج گرت، هەر بۆیە، لە ڕێگەی پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتیی و دەستگیرکردنی ڕێبەرەکەمان، هەوڵیان دا پەکەکە بێ سەر و ئایدۆلۆژیا بمێنێتەوە.

هەرچەندە کاریگەرییەکانی ڕیاڵ سۆسیالیزم دەنوێنێتەوە، بەڵام تایبەتمەندیی ناوازەشی هەیە، هۆکاری هەڵنەوەشانەوەی پەکەکە، لەبەر ئەوەیە کە جیاوازە لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە ڕیاڵ سۆسیالیستیی و نەتەوەییەکان. سا ئەم جیاوازیی و ناوازەییەی پەکەکە، تەنیا لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە نییە، بەڵکوو لە ڕووی ڕێکخراوەییشەوەیە. نموونەی بیروباوەڕ و ڕێکخراوەیی بزوتنەوەکە، کە تایبەتە بە هۆشیاری مێژوویی کۆمەڵگا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆکاری

سەرەکیی هەڵنەوەشانەوەی پەکەکە بوو. دەستبەسەربوونی ڕێبەرەکەمان بارودۆخێکی نوێی بۆ بزووتنەوەکە ئاشکرا کرد. پێش دەستگیرکردنی ڕێبەرمان، لێگەڕین بەدوای تێگەیشتنی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی نوێدا هەبووە. پێداگریی لە سەر ئازادیی ژن و هەوڵدان بۆ چارەسەری دیموکراسیی لە ڕێگەی ئاگربەستەکانەوە لێکەوتە و دەربڕینی ئەم لێگەڕینەیە.

لەبری ئەوەی پرسیار و هەڵسەنگاندن بۆ ڕیاڵ سۆسیالیزمێکی هەڵوەشاوە بکرێت و ڕێبازێکی نوێ لە پێناو ستەملێکراو و چەوساوان بگرێتە بەر، ڕەخنەگرتن لەو هێزانەی دەخوازن ڕێبازێکی نوێ لە هەڵوەشانەوەکەوە ئاوا بکەن، کێشەدارە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە کە زۆر جار ڕێبازەکەمان بەبێ پرسیار و تێگەیشتنێکی قووڵتر وەرگیراوە؛ بەڵام هێشتا زۆرێک بنەماکانی ڕیاڵ سۆسیالیزم بە هاوواتای خودی سۆسیالیزم دەزانن. دەخوازم بە تایبەت تیشکۆ بخەمە سەر ئەم خاڵەکە، گۆڕانی پارادایمی نوێی پەکەکە، لەسەر بنەمای نکۆڵیی نییە لە سۆسیالیزم. ئەمە دۆخێکی نوێیە و لە سەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە ڕێبازە ئایدیۆلۆژیی، فەلسەفیی و سیاسییەکانی ڕیاڵ سۆسیالیزم دامەزراوە. هەوڵێک بۆ پێناسەکردنەوەی سۆسیالیزم بە ڕێبازێکی ئازادیخوازانەتر، یەکسانیخوازانەتر و دیموکراسیتر لە گۆڕێیە، بۆیە پەکەکە دەستبەرداری سۆسیالیزم نەبوو.

بە پێچەوانەوە، بزووتنەوەکەمان لە سەر بنەمای ڕەخنە لە ڕیاڵ سۆسیالیزم، بە تایبەت لە ڕێگەی ڕەخنەکانی بزووتنەوە


Untitled-1.indd 79 2026-05-19 4:53:48 PM

دژە سیستەمەکانەوە، سۆسیالیزمێکی نوێ بنیاد دەنێین. هەموو ئەو بنەمایانەی بزووتنەوەکە دایمەزراندون، لە ڕێگەی ڕەخنە لە ڕیاڵ سۆسیالیزمەوە پەرەیان پێ دەدرێت. پێویستە ئەمانە وەک بنەمای ئازادیخوازانە، یەکسانیخوازانە و دیموکراسییانەی سۆسیالیزمی نوێ ببینین. بە شێوەیەکی گونجاو، جەنگ و ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵی پەرەیان سەندووە، لە ڕێگەی چوارچێوەی ئایدیۆلۆژییەوە ڕوون ناکرێنەوە. ئەو هێز و دەسەڵات و متمانەبەخۆبوونەی گۆڕانی پارادایم بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە نوێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کرد، سوودێکی زۆری بە پەکەکە بەخشی. بێگومان، ئەگەر پەکەکە پارادایمەکەی نەگۆڕابا، لە بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوە هەر بەردەوام دەبوو، بەڵام بواری سەرکەوتنی نەدەبوو. بەو متمانەیەی گۆڕانی پارادایم دروستی کردووە، سوودێکی بەدەست هێناوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت ئەنجامی باشتر و گرنگتر بەدەست بهێنرێت.

**بەرفین: لەبری چەمکی سۆسیالیزم فرەتر چەمکی دیموکراسیی، نەتەوەی دیموکرات، ئازادیی ژن، ژینگە و ئیکۆلۆژیی بەکار دەهێنیت. ئایا جگە لە مانا نەریتییەکانی ئەم زاراوانە، مانای نوێ بەو زاراوانە دەدەیت؟ ئایا تۆ بە بەکارهێنانی ئەم چەمکانە، شوێنی زاراوەی سۆسیالیزم دەگریتەوە؟**

ئەمانە چەمکگەلێک نین بەرانبەر سۆسیالیزم بووەستنەوە،



Untitled-1.indd 80 2026-05-19 4:53:48 PM

بەڵکوو سۆسیالیزم وەک چەمکێکی سەرتاسەریی و گشتیی دەمێنێتەوە. دەتوانی بڵێی ئەم چەمکانە ناوەڕۆکی سۆسیالیزم دەوڵەمەندتر دەکەن. بۆ نموونە، کاتێک لە ڕوانگەی لیبراڵ سەرمایەداریی و ڕیاڵ سۆسیالیزمەوە سەیری دیموکراسیی دەکەیت، شێواندنی تێدایە. هەردووکیان چەمکی دیموکراسیی دەشێوێنن. ئەوان چۆن گوزارشت لە دیموکراسیی دەکەن؟ وەک ڕێچکەیەکی فەرمانڕەوایی چەمکی دیموکراسیی دەردەبڕن. ئەم شێوەسەیرکردنەی دیموکراسیی، وەهمێکی گەورەیە، فریودانێکە. نەکردەنییە بتوانی دەوڵەت و دیموکراسیی بە تەنیشت یەکدییەوە دابنێیت، بەڵکوو پێویستە دیموکراسیی وەک نموونەی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگاکان پێش دەوڵەت دەرببڕدرێت.

ئایا پێش ئەوەی شارستانییەت سەر هەڵبدات و مرۆڤەکان پێویستیان بە دەوڵەت نەبوو، کۆمەڵگا چۆن ڕێک خرابوو؟ لە دەرەوەی بنەمای پاوانخوازیی، چەوساندنەوە و لەشکرکێشیی، گەلان شێوەی خۆبەڕێوەبەریی خۆیان هەبوو. گەلان کۆمەڵگایان لەسەر بنەمای ئامڕازەکانی خۆبەڕێوەبەریی دیموکرات دامەزراندبوو، باشترە دیموکراسیی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت. لە کاتێکدا کۆمەڵگاکان لەو سەردەمانەدا بە شێوەیەکی دیموکراسییانە بەڕێوە دەبران، بەڵام ڕوانگەی لیبراڵ بۆ مێژوو نکۆڵیی لەم ڕاستییە مێژووییە دەکات. ڕوانگەی مێژوویی لیبراڵ، دیموکراسیی وەک داهێنانی شارستانییەت دەخاتە ڕوو، هەروەها لە مێژوودا شارستانییەتە چینایەتیی و شارنشینیی و دەوڵەت-ناوەندییەکان، چەمکی دیموکراسییان



Untitled-1.indd 81 2026-05-19 4:53:48 PM

وەک ئامرازێک بۆ پەردەپۆشیی و ڕەوایەتیدان بە قۆرغکاریی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگا بەکار هێناوە.

لە چوارچێوەی سیستەمێکی چینایەتییدا، ناتوانین باسی دەوڵەتێکی دیموکرات و حکومەتێکی دیموکرات بکەین؛ ئەمە هەڵخەڵەتاندنە. ئەگەر سۆسیالیزم وەک نموونە وەربگرین، پێویستە چەمکێك بۆ ڕێبازی حوکمڕانی سۆسیالیستیی پێناسە بکەین. بۆ نموونەکانی حوکمڕانیی ڕیاڵ سۆسیالیزم، پێشوەختە هیچ چەمکێک بوونی هەیە. بۆ نموونە مارکسییەکان چەمکی ‹دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا› بەکار دەهێنن. هەروەها چەمکی دەوڵەت وەک توخمێکی بنەڕەتیی لەناو ئەدەبییاتی سۆسیالیستییدا بەکار دەهێنن. مارکسییەکان، وەک نموونەی فەرمانڕەوایی، پێشنیاری هەژموونی چینایەتیی دەکەن. دیموکراسیی وەک ڕێچکەی ئیدارەی دەوڵەت پێناسە دەکەن. بەم شێوەیە، هەرچەندە کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژوودا دیموکراسییان وەک شێوەیەکی یەکلاکەرەوەی خۆبەڕێوەبەریی لە دەرەوەی دەوڵەت بەکار هێناوە، کەچی ڕیاڵ سۆسیالیستەکان، دیموکراسیی بۆ شێوەیەکی ناچالاکی ڕێچکەیەکی ئیداریی لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتسازییدا دەگۆڕن. بە دڵنیاییەوە ئەمەش دۆخێکی کێشەدارە. ئەگەر بڵێین ئێمە سۆسیالیستین، سەرەتا پێویستە ڕێبازی حوکمڕانیی سۆسیالیستیی بە ئازادیخوازانەترین شێوە دەرببڕدرێت و چەمکسازیی بۆ بکرێت. سەخت و گران نییە ئەم تێگەیشتنە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بدۆزینەوە و

بیگوازینەوە سەر دۆخی ڕاستەقینە. دەکرێ ئەمەش لە ژیانی یەکسانیخوازیی و ئازادیخوازانەی جڤاکەوە وەربگیرێت، کە کۆمەڵگاکان تەنانەت لەژێر هەلومەرجی سەرمایەداریی و داگیرکارییشدا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە.

کۆی ماناکانی دیموکراسیی بۆ مۆدێرنە دەگەڕێنرێنەوە، لە کۆمەڵگای سروشتییدا ئامادە بوون و تایبەتمەندیی ژیانی جڤاکین. ئێمە ئەم چەمکە بەم مانایە بەکار دەهێنین؛ دیموکراسیی چەمکێکی ڕاستەقینەیە بۆ نموونەیەکی بەڕێوەبەریی یەکسانخوازانە و ئازادیخوازانە.

بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ئێمە چەمکی دیموکراسیی وەک نموونەیەکی بەڕێوەبەریی تێگەیشتنی سۆسیالیستیی بەکار دەهێنین. ئەم چەمکسازییەی دیموکراسیی، چەمکێک نییە لەسەر بنەمای دەوڵەت. ئێمە بۆ پێناسەکردنی خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگا بەکاری دەهێنین. ئەمە بە مانای جیاوازیی یاخود دەستبەرداربوون نییە لە سۆسیالیزم. بە پێچەوانەوە، ئامانجی بەخشینی مانایەکی نوێیە بە سۆسیالیزم و دامەزراندنی سیستەمێکی سۆسیالیستییە. دەکرێت بۆ هەموو چەمکەکانی تریش هەمان شت بگوترێ. بەبێ ڕەخنە لە سۆسیالیزم، نەماندەتوانی سۆسیالیزم بگەیەنینە ئاستێک کە بتوانرێت لە ژیاندا بە چەمکێکی ڕاستەقینە بخرێتە بواری جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنەوە.

چەمکی ئیکۆلۆژیش زۆر گرنگە. لە ڕوانگەی نەزمی جیهانیی سەرمایەداریی و ڕوانگەی سۆسیالیزمی کلاسیکەوە، بۆ



Untitled-1.indd 83 2026-05-19 4:53:48 PM

پەیوەندیی نێوان سرووشت و کۆمەڵگا کێشەدارە. سەرمایەداریی بە خولیای بە پیشەسازیی و قازانج، جیهانی کردووەتە شوێنێکی بەرگەنەگیراو، تا ئاستێك مرۆڤایەتیی لە لێواری لەناوچووندایە. کاتێک ئێمە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ترسناکی لەو شێوەیە دەبینەوە، وەرگرتنی سۆسیالیزم کە وەک یۆتۆپیایەک بە پێودانگی ئازادیی و یەکسانیی دەرەهەست دامەزرابێت، هیچ مانایەکی نییە. پێویستە سۆسیالیزم ڕێبازێکی بۆ ڕزگارکردنی جیهان و مرۆڤایەتیی هەبێت. لەو بارەیەوە پێویستە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی بۆ ڕاگرتنی ئەو زیانانەی سەرمایەداریی بە جیهانی دەگەیەنێت، هەبێت. بەڵام لە ڕیاڵ سۆسیالیزمدا شتێکی لەو جۆرە نییە، تەنیا دەربڕین و لێدوانێکی گشتیی هەیە و دەڵێت؛ سەرمایەداریی سرووشت و ژینگە پاوان دەکات.

بەڵام، ڕیاڵ سۆسیالیزم بەهۆی ڕێبازی دەوڵەت-نەتەوە و پیشەسازییەکەی، ناتوانێت خۆی وەک بەشێکی لەناوبەری ئیکۆلۆژیی ڕزگار بکات. جگە لەوەش ناتوانێت لە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژییەوە پەیوەندیی نێوان ئیکۆلۆژیی و کۆمەڵگا پێناسە بکات. ئەمەش دۆخێکی زۆر ترسناکە.

ئایا ڕێبازی ڕیاڵ سۆسیالیزم کێشەدارە؟ بە درووستیی بەڵێ. بەرگریی لە پیشەسازییەکی بێسنوور، ڕوانگەی هاوتاکردنەوەی پیشەسازیی و گەشەپێدان پێکرا و پێناسەکردنی مرۆڤ وەک هێزێکی هەژموونگەر بەرانبەر سرووشت، کێشەی زۆر قووڵی ئایدیۆلۆژیین. ناتوانیت بەبێ ئیکۆلۆژیی بیر لە سۆسیالیزم بکەیتەوە. بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بەبێ ژیان بیر لە سۆسیالیزم



Untitled-1.indd 84 2026-05-19 4:53:48 PM

بکرێتەوە. ئەگەر سۆسیالیزم بە ژیانەوە بەند بکەیت، ئەوا باشتر دەتوانیت لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئیکۆلۆژیا تێبگەیت.

هەمان تێگەیشتنیش بۆ هێڵی ڕزگاریی ژن دەگونجێت. سەرمایەداریی ژنی کردە کاڵا و کەرەستەیەك و ناشیرینترین و قێزەونترین شت بەسەر ژناندا دەسەپێنێت. لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، خەریکە ئەقڵییەتی زاڵی پیاو بە چڕترین شێوە دەجووڵێتەوە. جا بەم پێیە، بەبێ بیرکردنەوە لە ئازادیی، ڕزگاریی و پێگەی ژن لە کۆمەڵگا و بەبێ پێناسەی ئەمەش لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا، ناتوانرێت جیهان ڕزگار بکرێت و یەکسانیی، ئازادیی و دیموکراسیی بەدەست بهێنرێت. پرسی ئازادیی ژنان زۆر قووڵە، ناتوانرێت بەو ڕێبازە ڕیاڵ سۆسیالیستییە چارەسەر بکرێت وا دەڵێت: «کاتێک شۆڕش هات، پرسی ژن چارەسەر دەبێت.» پرسی ژن زۆر لەوە ئاڵۆزتر و زیاترە. پێویستە وەک کێشەی بنەڕەتیی سۆسیالیزم و تەنانەت بە شێوەیەکی فراوانتر وەک کێشەی جەوهەریی ژیان هەڵسەنگێندرێت. ئەوانەی ڕێبازێکی ناوازە بۆ ئازادیی ژن پەرە پێ نادەن، کەموکووڕیی لە تێگەیشتنی سۆسیالیستیاندا هەیە.

کاتێک هەموو ئەمانە بە گشتیی لەبەرچاو بگرین، چی سەرهەڵدەدات؟ ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ڕێبازەکانی ڕیاڵ سۆسیالیزم، چەندە کرچ و بێکاریگەر بوون بۆ بنیادنانی سۆسیالیزم. ئاشکرایە، درز و بۆشاییە فەلسەفیی، ئایدیۆلۆژیی و سیاسییەکان هۆکاری لەناوچوونی سۆسیالیزم بوون. بە گۆڕینی پارادایمەکەی، پەکەکە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا دەکات و

چارەسەرەکان دادەڕێژێت، ئەویش لەسەر بنەمای زانستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و ڕاستەقینە، سۆسیالیزم بنیاد دەنێتەوە.

ئەمە بە مانای دەستبەرداربوون نییە لە سۆسیالیزم، بەڵکوو بەخشینی مانایەکی ڕاستەقینەیە بە سۆسیالیزم، ئەویش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی دارمان و شکستی ڕیاڵ سۆسیالیزمەوە. ئەگەر لەم ڕووەوە خۆیان هەڵنەسەنگێننەوە، ئەوا هیچ ئەگەرێک بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوە سۆشیالیست و ئازادیخواز و دژەداگیرکاریی و دژە سیستەمەکان بوونی نابێت. بزووتنەوە دژەئیمپریالیست و سۆسیالیست و ئازادیخواز و دژەسیستەمەکان ناتوانن پێش بکەون، مەگەر بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە خۆیان لەم بابەتەدا بکۆڵنەوە. خۆپەیوەستکردنەوە بە نموونەیەکی وەها شکستخواردوو، هەمان چارەنووسی ئەو بزووتنەوانەی لێ چاوەڕێ دەکرێت وا لەگەڵ دارمانی ڕیاڵ سۆسیالیزمدا، بزر بوون. پەکەکە، دوای هەڵسەنگاندنی درووستی دۆخەکە و ڕەخنەی ڕیاڵ سۆسیالیزم توانی خۆی نوێ بکاتەوە. بە جیابوونەوە و دەستبەرداربوون لە سۆسیالیزم، هێز و دەسەڵاتی خۆی ئاوا نەکردووە، بە پێچەوانەوە بە فەلسەفە، ئایدۆلۆژیا و ژیانی سۆسیالیستیی ئەمەی فەراهەم کردووە. بەم شێوەیەش، پەکەکە توانی ببێتە هێزێکی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



Untitled-1.indd 86 2026-05-19 4:53:48 PM

# بەشی چوارەم:

## نەتەوەی دیموکرات و ئاسۆی داهاتوو

»نەتەوەی دیموکرات بەرانبەر دەوڵەت-نەتەوە.

»پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (پەکەکە، کەجەکە، ڕۆژئاڤا).

Untitled-1.indd 87 2026-05-19 4:53:48 PM

Untitled-1.indd 88 2026-05-19 4:53:48 PM

**بەرفین: ئینجا با سەرنج بخەینە سەر چەمکی نەتەوەی دیموکرات. ئێمە دەزانین ئیمپریالیزم پێشبینی نەزمێکی نوێی جیهانیی دەکات و ناسنامەی ناسیۆنالیستیی و دەوڵەت-نەتەوەی هەنووکە تێدەپەڕێنێت. هەنووکە، باس و خواسی حکومەتێکی نوێی جیهانیی و دەوڵەتێکی جیهانیی نوێ، کە نەتەوەکان تێدەپەڕێنێت، لە گۆڕێدایە. ئایا نەتەوەی دیموکرات جێگرەوەی ئەمەیە؟ یاخود هاوتایە لەگەڵی؟**

**ئاڵتوون:** پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی لەسەر بنەمای شێوەی دەوڵەت-نەتەوەیە. کاتێک باسی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەین، واتە باسی پێکهاتەیەکی سەرمایەداریی دەکەین. ئەمەش بە مانای بنیادنانی سیستەمێکی هەژموونگەر لەسەر بنەمای پۆلی نەتەوە، ئەمەش بنیادێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، ئینجا گۆڕینی بۆ مەیدانی توندوتیژیی و چەوساندنەوە لە ڕێگەی قۆرغکاریی سەرمایەدارییەوە. لێرەدا کێشەی سەرەکیی دروستکردنی نەتەوەیە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە. ئەم پۆلە نەتەوەیەی درووست دەکرێت، زۆر نەرم و تێپەڕە. دەوڵەت، لە ڕێگەی درووستکردنی ئەم پۆلە نەتەوەییەوە، هەوڵی هەژموونخوازیی بە سەر کۆمەڵگادا دەدات. ئەمەش بەو مانایەیە، کە هەموو دەربڕینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و کەلتوور، بە کردەیی کۆمەڵکوژ دەکرێن.

بەم شێوەیە، درووستکردنی نەتەوە لە سەر بنەمای سەرمایەداریی و گۆڕینی بۆ گۆڕەپانی هەژموونخوازیی، بە مانای ئافراندنی کێشەی کۆمەڵایەتیی گەورەیە. لێرەشدا،



Untitled-1.indd 89 2026-05-19 4:53:48 PM

بنچینەترین کێشەی ڕیاڵ سۆسیالیزم دەردەکەوێت. گەورەترین هەڵەی ڕیاڵ سۆسیالیزم ئەوەیە کە پێیۆ وایە، دەتوانێت لە ڕێگەی بنەڕەتییترین توخم و مشتومڕی سەرمایەدارییەوە بۆ پێشێ بچێت و بە ئازادیی بگات.

کێشەی سەرەکیی ڕیاڵ سۆسیالیزم ئەوە بوو، کە لە کاتی دارشتنی پارادایمی سۆسیالیستییدا دژی سەرمایەداریی، شیکارێکی قووڵی دەوڵەت و نەتەوەی پەرە پێ نەدابوو. ڕیاڵ سۆسیالیزم، نەتەوەی وەک ڕاستییەکی نەژادیی هەڵسەنگاند نەک دەربڕینێکی کەلتووریی و دەوڵەتی وەک نیشتیمانی بێجێگرەوەی بۆ گەلان هەڵسەنگاند. لە تێگەیشتنی ڕیاڵ سۆسیالیزمدا بۆ دەوڵەت، ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان بنیادنانی نەتەوە لەلایەن دەوڵەت بە پێوەری نەژادیی نەکراوە، کە پاشان ئەم پێڤاژۆیە دەبێت بە چەرخی قۆرغکاریی سەرمایەداریی. ئەم دۆخەش دوای دارمانی ڕیاڵ سۆسیالیزم، ڕوونتر دەرکەوت. یەکسانکردنی ئازادیی بە دەوڵەت و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەمە بە تێکەڵکردنی نموونەی دەوڵەت-نەتەوە لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی، هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو. نموونەی ڕیاڵ سۆسیالیزم، بۆ ماوەی نزیکەی ٧٠-٨٠ ساڵ ئەمەی تاقی کردەوە، کەچی لە کۆتاییدا نەیتوانی خۆی لە بوون بە بەشێک لە سیستەمی سەرمایەداریی بپارێزێت.

ئەگەر بە وردیی تیشک بخەینە سەر ئەم پرسە، دەبینین، دەوڵەت-نەتەوە و ئازادیی لە بنەڕەتدا پێك ناکۆک و ناتەبان. سیستەمی دەوڵەت، سیستەمێکی سیاسییە و دژی



Untitled-1.indd 90 2026-05-19 4:53:49 PM

ئازادییەکانە، مسۆگەر هەرگیز دەوڵەت ئازادیی فەراهەم ناکات. لە لایەکی دیکەوە، نەتەوە پێکهاتەیەکە، کە بە باشی سنوورمەندە و هەڵگری ناسنامەی کۆمەڵایەتیی، نەژادیی و ئایینیی جۆراوجۆرە. بەو پێیەی چەمکی نەتەوە هەموو ئەمانە لەخۆ دەگرێت، جا بۆیە ناتوانێت تاک بێت. لە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەدا، دەوڵەت ئامرازی قۆرغکاریی و هەژموونگەرییە، لە کاتێکدا نەتەوە لە سەر بنەمای یەک ناسنامەی نەژادیی، ئایینیی و ئایدیۆلۆژیی، دەوڵەت بەهێزی دەکات و پێکهاتەیەکی یەکپەرەست و یەکپارچە درووست دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، دەوڵەت لە سەر بنەمای سڕینەوە و لەناوبردنی فرەچەشنییە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێت. ئەم نموونەیە، واتە، دەوڵەت-نەتەوە دەبێت بوونی هەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی قۆرغکاریی سەرتاسەریی بەردەوام بێت؛ سەرمایەداریی لەسەر ئەمە دەژی.

لە ڕێگەی هەژموونی دەوڵەت و یەکپەرەستیی نەتەوەیی، ڕژێمێکی کۆمەڵکوژ درووست دەکات. کاتێک ڕیاڵ سۆسیالیزم وەک جێگرەوەی سیستەمی سەرمایەداریی سەری هەڵدا، نەیتوانی پارادایمی دەوڵەت-نەتەوەی سیستەم تێپەڕێنێت. ڕێبازی ڕیاڵ سۆسیالیزم بۆ دەوڵەت-نەتەوە تا ئەندازەیەکی نزیك لەبەرگرتنەوەی ڕێبازی سەرمایەداریی بوو. هەنووکە دەبینین ئەم چەمکە کێشەدارە. بەبێ هەڵسەنگاندنەوەی چەمکی دەوڵەت-نەتەوە، ڕێی تێ نەچووە بتوانیت ناسنامەیەکی سۆسیالیستیی پێناسە بکەیت و شوێنگرەوەیەك



Untitled-1.indd 91 2026-05-19 4:53:49 PM

پێشکەش بکەیت. کاتێك، دەڵێین دەوڵەتمان ناوێت، هەمووان سەریان دەسوڕمێ، لە نێوانیاندا ئەوانەی پێشینەی نەتەوەیی و سۆسیالیستییان هەیە. بەرانبەر بانگەشەی دژەدەوڵەتیی، نەتەوەپەرەستە نەژادییەکان، لێمان تووڕە دەبن، ئەمەش لەبەر ئەوەی، دەزانن دەوڵەت ئامڕازێکە ناسنامەی نەتەوەیی دەگوازێتەوە بۆ دەسەڵات و یارمەتیدەری باڵادەستیی و زاڵبوونە بە سەر ئەوانی دیکەدا. لە لایەکی دیکەوە، ڕیاڵ سۆسیالیستەکان، پێیان وایە دەتوانن بە هەبوونی دەوڵەت، پرسەکانی ئازادیی و یەکسانیی چارەسەر دەکەن. بەرهەڵستی هەردوو بەرەکە بە شێوەیەکە، وەک ئەوەی پەسەندنەکردنی دەوڵەت، بە مانای نکۆڵیی بێت لە سۆسیالیزم و نەتەوە.

کەچی دەوڵەت دامەزراوەیەکی بنەڕەتییە و هەردووکیان، واتە نەتەوە و سۆسیالیزم لەناو دەبات. لە ڕێگەی دەوڵەتەوە، هیچ ئازادیخوازێکی سۆسیالیستیی ناتوانێت خۆی لە ڕووی سیاسییەوە دەرببڕێت. دەوڵەت، جگە لە نەیاری ئازادیی و یەکسانی هیچی دیکە نییە. وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، لە بنچینەدا، دەوڵەت و ئازادیی پێک ناتەبان. بەمشێوەیە، پێویستە سەرەتا دەوڵەت بخەینە لاوە. پێویستە چەمکەکانی نەتەوە و دەوڵەت لە یەکدی جیا بکەینەوە. پێوستە نەتەوە وەک شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی وەربگیرێت، وەک یەکەیەك، بەبێ ئەوەی بەشێک بێت لە دەوڵەت-نەتەوە. بەڵام پێویستە زۆر بە وردیی پێناسەی نەتەوە بکەین، گرنگە لەوە تێبگەین کە نەتەوە چییە.

نەتەوە شێوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام کۆمەڵگایەک کە

فرەکەلتوور و فرەئایین و بۆچوونی هەمەچەشنی تێدا بێت. کۆمەڵگا لە هەمەجۆریی و یەکێتیی ئەم فرەییانە پێک هاتووە. ناتوانین پێناسەیەک بۆ نەتەوە بکەین، کە نکۆڵیی لە فرەییەکان بکات و تەنیا پشت بە یەک ناسنامە، باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای نەژادیی ببەستێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سڕینەوەی هەموو فرەییەکان؛ ئەمە ئازادی نییە. بەمشێوەیە، پێویستە بەبێ ئەوەی زیان بە پێکهاتەی دیموکراسیی هەبوو لە نێو سرووشتی کۆمەڵگاکاندا بگەیەنرێت، کۆمەڵگا پێناسە و درووست بکرێت. نەتەوەی دیموکرات شێوە و پێکهاتنی ڕاستەقینەی نەتەوەیە. نەتەوەی دیموکرات شێوەی ڕاستەقینەی بوون بە نەتەوەیە. هە موو پێکهێنان و بنیادنانێکی کۆمەڵایەتیی نادیموکرات، کێشەسازە و دژ بە سرووشتی کۆمەڵگا دەبێتەوە، ئەمەش دواجار توندوتیژیی و ململانێی نەبڕاوەی لێ دەکەوێتەوە. تەنیا لە ڕێگەی سیستەمێکی بەڕێوەبەریی دیموکراسییەوە، کە لە سەر بنەمای سیاسەتی دیموکراسیی دامەزرابێت، دەتوانێت یەکێتی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانەی وا نەتەوە پێک دەهێنن، پێکەوە ڕابگرێت. دیموکراسیی سیستەمێکە و دەرفەتی بەرفراوان و گەورە بۆ تاک و کۆمەڵ بۆ دەربڕین و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خۆیان دەڕەخسێنێت.

ئەگەر سەیری تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، ئەمە ڕوونتر دەبێتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هیچ کۆمەڵگایەك نییە کە تایبەتمەندی یەکپەرەستانەی هەبێت. کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەموویان ئاوێتەی

یەکدین. نەکردەیە کۆمەڵگاکان بە پێوەری ئایینیی، مەزهەبیی، نەژادیی و کەلتووری جیا بکرێنەوە. ڕەنگە کۆمەڵگاکان بتوانن ئەو ناوچانەی بەڕێوەی دەبەن، وەک جۆرێک لە نەتەوە پێناسە بکەن و لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە کار بکەن. بەڵام تەنانەت لە هەلومەرجێکی وەهاشدا، هەرگیز ناتوانرێت باس لە یەک نەتەوە بکرێت. بەو مانایە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گونجاوترین شێوەی بنیادنانی کۆمەڵایەتیی چەمکی نەتەوەی دیموکراتییە. ئەم چەمکە، گرنگیی و تیشکۆ دەخاتە سەر تایبەتمەندیی کەلتووریی و دیموکراسیی بنیادنانی نەتەوە، هەروەتر، ڕەچاوی گرنگیی ڕەهەندی کەلتووریی ئەو گەلانە دەکات وا لە سەر بنەمایەکی دیموکراسی بنیاد نراون و گوزارشت لە ژیانی یەکسان و ئازاد دەکات. نەتەوەی دیموکرات، قۆرغکارییەکانی سەرمایەداریی و درێژکراوەکەی، کە دەوڵەت-نەتەوەیە، لە بەرژەوەندیی بنیادنانی شێوەیانێکی سۆسیالیستیی و خۆجێیی، ڕەت دەکاتەوە.

بەم شێوەیە، پێویستە کێشە هەنووکەییەکان چارەسەر بکرێن و پارادایمێک پێشکەش بکرێت تا دەوڵەت-نەتەوە لە پێناو بنیادنانی ژیانی سۆسیالیستیی تێپەڕێنێت. بەبێ پارادایمێک، کە دەوڵەت-نەتەوە تێپەڕێنێت، نە دەتوانین سۆسیالیستیی بین، نە دەشتوانین هیچ کێشەیەکی کۆمەڵگا چارەسەر بکەین. ئینجا، دەوڵەت میکانیزمێک نییە سۆسیالیزم دایهێنابێت. بە هەمان شێوە، نەتەوەش ناتوانێت میکانیزمێک بێت و سۆسیالیزمی لە سەر ڕۆ بنرێت. بەڵام پێویستە



Untitled-1.indd 94 2026-05-19 4:53:49 PM

نەتەوە وەک شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پێناسە بکرێتەوە و لەگەڵ سۆسیالیزمدا ئاوێتە بکرێت. ئەمەش، ئەوەیە وا سەرکردایەتیی پەکەکە کردوویەتی. کەواتە چەمک و بنیادنانی گەشەسەندنی نەتەوەی دیموکرات نوێنەرایەتیی کاریگەرترین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەکات، ئەویش بۆ بەدیهێنانی ئەو ئازادییانەی سۆسیالیزم هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات. لە چڤاکی نەتەوەی دیموکراتدا هەمووان ئازادانە گوزارشت لە خۆیان دەکەن، جیاوازییەکان پێکڕا هەڵدەکەن، واتە هەمووان دەتوانن جیاوازییەکان ڕێک بخەن و گوزارشت لە خۆیان بکەن و ڕێز لە بوونی ئەوانی تر بگرن.

دەتوانین بە دوو شێوە تاوتوێی ئەم نموونەیە بکەین. کاتێک دەوڵەت- نەتەوە لەبەرچاو دەگرین، دەرئەنجامی نەرێنیی و نەهامەتیی جۆراوجۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین، لەوانە، جەنگ، ئاژاوە، هەژموون، قۆرغکاریی. کاتێک سەیری ڕژێمی فاشیستی تورکیا و ئیماراتی عەرەبیی و دەوڵەتانی دیکە دەکەیت، بە ئاشکرا ئەم نەهامەتییانە دەبینرێن. کەواتە دەبینن دەوڵەت- نەتەوە، هەژموون، قۆرغکاریی و چەوساندنەوەی بێسنووری ناوەتەوە. چونکە، دەوڵەت-نەتەوە سیستەمێکە و هەر ڕێك بۆ ئەم مەبەستانە دامەزراوە. بەم شێوەیە، دەردەکەوێت نەکردەنییە لە سەر بنەمای سیستەمێکی لەو جۆرە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئامڕازەکانی سیستەمێکی وەها، ئازادیی فەراهەم بکرێت.

ئەگەر کۆمەڵگەیەکی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەلایەن کۆمەڵەیەکی ئایینیی یاخود نەژادییەوە بەڕێوە ببرێت،



Untitled-1.indd 95 2026-05-19 4:53:49 PM

ئەوا دان بە مافی هەبوونی کۆمەڵەکانی دیکەدا نانێت. لە قەڵەمڕەویی عەرەبیی، فارسیی و تورکییدا مافی هەبوونی کورد وەک کۆمەڵەیەکی تایبەت، پەسەند ناکرێت. هەروەتر، شیعە و سوننەش وەک یەک مافی یەکدی نادەن، ئەمەش کێماسیی ڕێز و قەبووڵکردنی ئەوەی دیکە دەنوێنێتەوە. بێڕێزیی بە مافی یەکتری ناکەن. ئەو دەوڵەتانەی بەپێی ئایینە یەکتاپەرەستییەکان بنیاد نراون، دان بە مافی ژیانی ئایینەکانی دیکەدا نانێن. دەوڵەت-نەتەوە، سیستەمێکە و لە سەر لەناوبردنی یەکتری بنیاد نراوە. ئینجا هەنووکە، چوونە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تێگەیشتن و چەمکە بەسەرچووەکانی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم، واتە هەڵخلیسکان بۆ نێو ئاژاوەگێڕیی و پرچەکبوون بە توانستی نوێبووەوە بۆ توندوتیژیی و کۆمەڵکوژیی. ناکرێت ئەمە سۆسیالیزم بێت! ئەمە سۆسیالیزم نییە. سۆسیالیزم چییە؟ سۆسیالیزم واتە، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ورد و چڕ لەو بنیادانەی سەرمایەدارییی لە سەر بنیاد نراوە و درووستکردنی شوێنگرەوەیەك بەرانبەریان.

ئەگەر سۆسیالیزم بە بنەمایی وەربگرین و وەها بیر بکەینەوە کە لە سۆسیالیزمدا جێی ستەم، چەوساندنەوە و قۆرغکاریی نابێتەوە و لەبری ئەوانە، ئازادیی و یەکسانیی لە پێشینە و بنچینەین؛ ئەگەر باوەڕ بهێنین، دەوڵەت ئامراژێکە بۆ چەوساندنەوە و قۆرغکاریی، ئەوا دەبێت ئەم چەمک و نموونە و شوێنگرەوانەی پەرەیان پێ دەدەین، لەگەڵ

بیرکردنەوەکانمان هاوڕێك بێنەوە. سۆسیالیزم لە سەر بنەمای سڕینەوە و لەناوبردنی ئەوی تر بنیاد نانرێت. پێویستە نەتەوەی دیموکرات، وەک ئازادیی هەموو ئەو پاڵنەرە بنەڕەتییانەی وا کۆمەڵگا پێک دەهێنن و وەک چەمکێک لە سەر بنەمای یەکسانیی، بیری لێ بکرێتەوە. نەتەوەی دیموکرات، چەمکێکە و دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەت-نەتەوە تێدەپەڕێنێت. نەتەوەی دیموکرات، چەمکێکە، هەموو ئەو ئازادییانەی سۆسیالیزم دەیخوازێت، بە باشترین شێوە گوزارشت لێ دەکات.

**بەرفین: لە بزووتنەوەکەتاندا، پەکەکە، کەجەکە، پاژک، کەژەکە، هەپەگە هەیە، لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش ڕێکخراوی وەک، بۆ نموونە لە ڕۆژاڤا، پەیەدە، تەڤ-دەم، کۆنگرا-ستار، یەپەگە، یەپەژە هەیە و لە باکووری سووریا تەنانەت ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات و هێزەکانی سووریای دیموکرات (قەسەدە) هەن. هەروەها هەموویان بنگەهـ و بنڕێکخراویشیان هەیە. ئایا ئەمە شێوەی ڕاپەڕاندنی نموونەی ئەو سۆسیالیزمەیە وا بەڕێز ئۆجالان پێشنیاری دەکات؟ ئەگەر ئەم هەموو ڕێکخراوە جیاوازانە هەبن، ئەوا دەور و کارکردیان چییە، هەروەها لە چوارچێوەی یاسادا پەیوەندییان بە یەکدییەوە چۆنە؟**

**ئاڵتوون:** ئەمە پێویستی بە شرۆڤەی ورد هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا دەتوانین هەندێک ڕاستیی گشتیی بخەینە ڕوو.



Untitled-1.indd 97 2026-05-19 4:53:49 PM

هەنووکە گفتوگۆ لە سەر پارادایمێک دەکەین. سەرۆکایەتیی پارادایمێکی پەرە پێ داوە. ئەمەش پارادایمێک نییە تایبەت بێت بە ناوچە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو. زێدەتر پارادایمێکی سۆشیالیستیی گەردوونییە. ئێمە چەمکی سۆسیالیزمی جیهانیی بەکار دەهێنین. سەرەتا پێویستە بەم شێوەیە لە پارادایمەکە تێ بگەین. لە کاتێکدا سەرۆکایەتیی ئەم پارادایمەی پەرە پێ دا، لە ڕێگەی ڕەخنەی ڕیاڵ سۆسیالیزمەوە پارادایمێکی نوێی ئاشکرا کرد. پارادایمێکی نوێی سۆسیالیستیی ئافراند. جا نووکە نابێت ئەم پارادایمە وەک تەنیا پارادایمێکی تایبەت بە ڕێکخراوێك سەیر بکەیت. هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە زۆرێک لە هێزەکان خۆیان لەسەر ئەو پارادایمە بنیاد بنێن و لەگەڵ بوار و هەرێم و کێشەکانی خۆیاندا بیگونجێنن. ئەمەیە واتای گەردوونێتیی.

ئەم پارادایمە تەنیا تایبەت بۆ کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. پێویستە لە هەموو شوێنێکی جیهان وەک پارادایمێکی ڕەوا وەری بگرین و دەرفەتی پێ بدەین کە لە هەموو شوێنەکاندا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەگەر لە ڕۆژاڤا بۆ نموونە بگەڕێین، پەیەدە و یەپەگە و یەپەژە هەیە، هەنووکە، پەیەدە و یەپەگە بە تایبەت کار لەسەر کێشەکانی کورد لە سووریا دەکەن. بەڵام هەردووکیان تەنیا خۆیان بە کوردەوە سنورمەند نەکردووە. لە ڕۆژاڤا، لە بنەڕەتدا هەوڵی چارەسەری پرسی کورد دەدەن، بەڵام بێئاگا نین لە تایبەتمەندیی جیهانیی پرسەکە.

بەمشێوەیە، هەردوو هزر و بنیادی ڕاپەڕاندنی-ڕێکخراوەیی



Untitled-1.indd 98 2026-05-19 4:53:49 PM

هەڵگری گەردوونێتیین. ئەم ڕێکخراوانە پەکەکە نین و پەیەدە و یەپەگەش هەر پەکەکە نین، بەڵکوو هێزی کوردیین و لە سەر بنەماکانی پارادایمی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراسیی دامەزراون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزێکی دیکە هەیە، هەروەتر، لە باشوور و باکووری کوردستانیش هێز و ڕێکخرای دیکە هەن، ئەمە ڕێبازی پارادایمە. هەمووان بە دارشتەی پرسەکانیان لە ڕووی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنەوە، لەسەر بنەما و ڕوانگەی ئەم پارادیمە خەبات دەکەن.

با بڵێین؛ لە باکوری کوردستان، هێز هەن لە دژی پاوانخوازیی، لە تورکیا خەبات دەکەن. لە ڕۆژاڤا یەپەگە-یەپەژە هەیە. هەروەها چەند هێزێک لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هەن. چونکە ئەم هێزانە، داکۆکیکار و لایەنگری هەمان پارادایمن، سرووشتییە کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەیوەندییان بە یەکدییەوە هەبێت. پێویستە پارادایمەکە، وەک بنەمایەکی هاوبەش ببینین. لەبەر ئەوەی پارادایمەکە، ڕێگە بە هەموو کەرتێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، نەژادیی، کەلتووریی و ژنان دەدات کە لەسەر بنەمای ئازادیی و یەکسانیی خۆیان، پەرە بە خۆبەڕێوەبەریی بدەن، ئەوا هەموو کەسێک لە کەرتەکەی خۆیدا لە بڕیاردان و دەنگدان، ئازادە. هەروەها کۆمەڵێ پرس و کێشەی هاوبەشیش هەن، کە هەموو ئەم کەرت و بوارە جیاوازانە دەگرنەوە. هەر کەسێک مافی خۆیەتی ویست و ئیرادەی خۆی دەرببڕێت، ئەمەش دۆخێکی یاساییە، بەڵام لەوەش گرنگتر، ڕەوشێکی ئەخلاقییە. لە



Untitled-1.indd 99 2026-05-19 4:53:49 PM

ڕەوشی ئەخلاقییدا، مەبەستم ئەوەیە کە هیچ کەس و چین و توێژێکی کۆمەڵگا، بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ نییە، مافی زەوتکردنی ئازادیی و ئیرادەی ئەوانی دیکەیان نییە.

هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕزگاریی و ڕێکخستنی ژنەوە بەم شێوەیەن. دەتوانین بڵێین، ئەم پارادایمە ڕەهەندێکی ئازادیی ژنی هەیە. ژن، لەم ڕەهەندە ئازادییەی پارادایمەکەوە، ئازادیی خۆی ناسیوەتەوە، بەمشێوەیە، لەسەر بنەمای ناسنامەی ژن، لە ڕزگاریی ژن و سۆسیالیزم، سەنتێزی ئافراندووە. وەک دەبینین، بزووتنەوەی ژن، بووەتە هێزێکی زۆر گرنگ و کاریگەر. لە شەڕی گەریلایی لە باکووری کوردستان، ژن وەک هێزێکی کاریگەر بۆ ئازادیی و ڕێکخستن دەرکەوتووە. یەپەژە هێزێکە جیهان سەرسام دەکات. ڕۆژاڤا، هێزێکی ئایدیۆلۆژیی، ڕێکخراوەیی و شەڕڤانی بەرهەم هێناوە، کە توانیویەتی و دەتوانێت هێزێکی دڕندەی وەک داعش ڕابگرێت. هەنووکە، دەتوانرێت هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە لە چوارچێوەی ئەم تەڤنارەدا تێبگەین، هەروەها، پێویستە لەسەر هەمان بنچینە، مامەڵە لەگەڵ لە بزووتنەوە ئیکۆلۆژییەکان و دەستپێشخەرییە جۆراوجۆرەکانی دیکە، بکرێت.

بە کورتیی نابێت ئەو پارادایمەی ڕێبەر ئاپۆ پەرەی پێ داوە، تەنیا وەک پارادایمێک بۆ کورد و ئازادیی کوردستان، تەماشا بکرێت. پەکەکە و پەیەدە، بزووتنەوەگەلێکن کە ئامانجیان شۆڕشێکی بابەتیی و ڕاستەقینەیە لە کوردستان. بۆیە بۆ هەردووکیان پارادایمی سەرۆکایەتیی، ڕێبەرنامەیەکی



Untitled-1.indd 100 2026-05-19 4:53:49 PM

بنچینەییە لە کوردستاندا. ئینجا لەبەر ئەوە، تێڕوانینێکی چەوت و هەڵەیەکی گەورەیە کە پارادایمی سەرۆکایەتیی وەک پارادایمێک سنورمەند بە کۆمەڵگای کوردیی کورت بکرێتەوە، کە تەنیا گرنگی بە کۆمەڵگای کوردیی و ڕزگاریی کوردەوە دەدات. بە پێچەوانەوە ئەم پارادایمە هاوتەریب مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتە نەژادیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و یەکسان دەیانگرێتە خۆی، هەوەتر، بەهای هیچ ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیی بەسەر ناسنامەیەکی تردا ناسەپێنێت.

ئەمە ئەو پارادایمە سۆسیالیستییە  وا سەرەتا پێویستە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی بدرێتێ و پاشان لە سەر بنەمای ئینتەرناسیۆنالیی بە جیهاندا بکێشرێت. بە شێوەیەکی سرووشتیی پێویستە بوارە سەرەکییەکانی ئەم پارادایمە هاوپەیوەست و پشتیوانیی هەمیشەیی یەکدی بن و پێکرا بۆ چارەسەر و تێپەڕاندنی هەڵە و کەموکووڕییەکانیان کار بکەن. بۆ نموونە هەنووکە کاتێك سەرمایەداریی لە قەیراندایە، نەخوازراو و ناپەسەندە گەر بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا ئەوەندە بەش‌بەش و پەرتەوازە بن. بەم پێیە مسۆگەر گەرەکە هاوکاریی نێوان هێزە دژەسەرمایەداریی و داگیرکارییەکان دابمەزرێت. تەنانەت پێویستە پانتایی و بوارەکانیش فراوانتر بکەین. پێویستە بەرانبەر سەرمایەداریی جیهانیی، دیموکراسیی جیهانیی بنیاد بنێین.

ئیتر سەرمایەداریی ناتوانێت بەردەوام بێت. هەژموونی جیهانیی ئیمپریالیزم درزی تێ کەوتووە و ناتوانێت خۆی



Untitled-1.indd 101 2026-05-19 4:53:49 PM

ڕابگرێت. ئەگەر هەنووکە سەرمایەداریی بتوانێت بە جۆرێک خۆی بپارێزێت، ئەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێڵی ئازادیی توانای دەربڕینی گونجاوی نییە، خۆی ڕێک ناخات و وەرناگەڕێتە سەر خەبات. وەک چۆن سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی لە دەوری ناوەندێک ڕێک خراوە، بزووتنەوەکانی ئازادیی، پێویستیان بە ئاواکردنی یەکێتییەکی ئینتەرناسیۆنالییە لە سەر بنەمای دیموکراسیی. بەبێ ئەمە ناکرێت بە سەر سەرمایەداریی و ئیمپریالیزمدا زاڵ بین. هەرگرێدراوی ئەم بابەتەش، پێشوەختە ئەزموونی ڕابردوو هەیە و پێویستە ئەم ئەزموون و هەوڵانەی ڕابردوو لەبەرچاو بگیرێن. ئەزموونەکانی ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم، دووەم و سێیەم- سەرەڕای کەموکووڕییە زۆرەکانیان، هێشتاش گرنگن و بۆ ئەمڕۆ بەهادارن.

هەر پارادایمێک تایبەتمەندیی گەردوونیی نەبێت، ناتوانێت سۆسیالیستیی بێت. لەبەر ئەم هۆیە، پێمان وایە پێویستییەکی بەپەلەمان بە ئینتەرناسیۆناڵێکی ڕزگاریخوازە، کە بتوانێت هێزە دیموکرات و ئازادیخوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ خەبات دژی سەرمایەداریی و ئیمپریالیزم و هەموو شێوەکانی هەژموونخوازیی یەک بخات. بێگومان پەیوەند بەمەش، هەندێک هەوڵ و بەرەوپێشچوونی ئومێدبەخش هەن. سەرەڕای کەموکورییەکانی ئەم هەوڵانەش، بەڵام بە تایبەت لە شۆڕشی ڕۆژاڤا، پێشکەوتنێکی بەرچاو لەم بوارەدا نیشان دراوە. دەستکەوتەکانی شۆڕشی ڕۆژاڤا، سەرنجی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە سۆسیالیستییەکانی لە سەرتاسەری ناوچەکە



Untitled-1.indd 102 2026-05-19 4:53:49 PM

ڕاکێشاوە. لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، گرنگیدانێکی بەرچاو بە شۆڕشەکە سەری هەڵداوە. هەروەها زۆر گرنگە ئەوانەی هەر بە ڕاستیی بە خەباتی ئازادییەوە پابەندن، لە سەرانسەری جیهانەوە بێن و بەشداری شۆڕشەکە بن. بەڵام ئەم بەشدارییە نابێت تەنیا لە بەشداریی تاکەکەسییدا سنوورمەند بێت. چونکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرئەنجامانەی ئەم پارادایمە تا ئێستا بەرهەمی هێناوە، گەلەك گرنگە ئینتەرناشناڵێک بنیاد بنرێت، کە تێیدا هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتەکان لە ناوچەکە و سەرانسەری جیهان بتوانن بە شێوەیەکی یەکگرتوو و ستراتیژیی خەباتەکانیان هەماهەنگ بکەن.

سەرچاوە:

https://democraticmodernity.com/the-kurdish-freedom-struggle-and-antiimperialism-in-the-21st-century/



Untitled-1.indd 103 2026-05-19 4:53:49 PM



# بڵێسەی ئاگری ئازادیی گەلێک
# ڕەزا ئاڵتوون (١٩٥٦ - ٢٠٢٤)

چیرۆکی ژیانی ڕەزا ئاڵتوون، ژیانێکە لە کۆڵانەکانی «توزلوچایر»ـی ئەنقەرەوە دەست پێ دەکات و لە چیا بەرزەکانی کوردستان بە تێکۆشانێکی قارەمانانە دەگاتە لوتکەی فەلسەفەی ئازادیی.

ئاڵتوون لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی «کوچوکسۆبەچمین» لە ناوچەی سارزی قەیسەریی لە خانەوادەیەکی کوردیی عەلەویی لەدایک بووە. لە سەرەتای شەستەکاندا، بنەماڵەکەی ڕوویان لە ئەنقەرە کرد و لە گەڕەکی توزلوچایر نیشتەجێ بوون؛ گەڕەکێک کە بۆ ڕەزا بوو بە فێرگەی ئازار و بەرخۆدان. لەوێدا وەک گەنجێکی کرێکار، یەکەمین هۆشیارییە شۆڕشگێڕییەکانی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندیی بە کۆمەڵە چەپەکانەوە کرد.



Untitled-1.indd 104 2026-05-19 4:53:50 PM



خاڵی وەرچەرخانی ژیانی ڕەزا لە ساڵی ١٩٧٥ بوو، کاتێک لەگەڵ شەهید «کەمال پیر» و پاشان «حەقی قەرار» ئاشنا بوو. لەو کۆبوونەوانەدا، ڕەزا ئاڵتوون بە ڕامان و ئایدۆلۆژیای ڕێبەر ئاپۆ کاریگەر بوو و بوو بە جەنگاوەرێکی ماندوونەناس.

ڕەزا ئاڵتوون بەشداریی لە مێژوویەکی پڕ لە ئەشکەنجەی زیندانەکانی تورکیادا کرد. ١٣ ساڵ مانەوە لە زیندانەکانی ئامەد، ئەدەنە و ئەسکیشەهر، نەک هەر ئیرادەی نەشکاند، بەڵکوو کردی بە هێمای بەرخۆدان. پاش ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٩١، ڕووی لە چیاکان کرد و وەک ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەجەکە، ئەرکی دیپلۆماسیی و سەربازیی و فیکریی گەورەی لەئەستۆ گرت.

ئەو وەک ستراتیژیستێک، ڕۆڵێکی کاریگەریی لە داڕشتنی پارادایمی «مۆدێرنیتەی دیموکراتیی» و پاراستنی ناسنامەی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەکەدا هەبوو. ئاڵتوون تەنیا شۆڕشگێڕێک نەبوو، بەڵکوو هێمایەکی زیندوو بوو بۆ ئەوەی چۆن دەکرێت مرۆڤ لە ژێردەستەییەوە هەڵبکشێت بۆ ئاستی «مرۆڤی ئازاد و ئەکتەری مێژوویی».



Untitled-1.indd 105 2026-05-19 4:53:50 PM

Untitled-1.indd 106 2026-05-19 4:53:50 PM